# کۆمەڵگەی چێژی باڵا


نوسینی

یوسف العظم

وەرگێڕانی

هێمن قادر شاسواری


کۆمەڵگەی
چێژی بالآ
نوسینی
یوسف العضم
وەرگێڕانی
هێمن قادر شاسواری
'' ئیبن سیرین ''
خودایە تەمەنێکی پانم پێببەخشە نەک تەمەنێکی درێژ
مرۆڤ کەدێتە دنیاوە زۆر ئاوات و هیوای هەیە مەرج نیە هەمووی بێتە دی بـەڵام زۆر خۆشەهەندێکی بەدی بێت مرۆڤ بێ ئامانج سەرگەردان دەبێت هیچ چێژێك لەژیان نابینێت

# دەسپێك لەجیاتی پێشەكی...

ئیبنو سیرین دەفەرموێت: خودایە تەمەنێكی پانم پێ ببەخشە، نەك تەمەنێكی درێژ، مرۆڤ كە دێتە دنیاوە زۆر ئاواتو هیوای هەیە مەرج نییە هەمووی بێتە دی، بەڵام زۆر خۆشە هەندێكی بەدی بێت، مرۆڤی بێ ئامانج سەرگەردان دەبێتو هیچ چێژێك لە ژیان نابینێت. وەك شاعیر دەفەرموێت: "مادام ئەمەلت زۆرە چی عومرێكی كەمت بوو".

كاتێك لە خوێندنگای مەشقی سەربازی (كانی گۆمە) لە خولی پێگەیاندنی ئەفسەران وەرگیرام، حەزم نەكرد هەر وا بە دەست بەتاڵی بە بێ توێشوو بێمە دەرێ، ویستم لەوێ مێژوویەك تۆمار بكەم و یادگارییەك بنوسمەوە، بۆیە بڕیارمدا بە ئەنجام دانی كارێك كە لە ئایندەدا شانازی پێوە بكەم، بۆە دەستم دایە وەرگێڕانی ئەم نامیلكەیە، لە سەردەمی (مستجد) تازە هاتوودا دەستم پێكرد، سوپاس بۆ خودا توانیم تەواوی بكەم...

ئەم نامیلكەی بەردەستت چەند سەرنجێكی كورتە لە چێژە باڵاكانی كۆمەڵگەی ئیسلامی، كۆمەڵگەی ئێمە تەنها كوشتنو لەناو بردنو توندو تیژی نییە، وەك ئێستا وێنا دەكرێتو نیشان دەدرێت، بۆیە لێرەدا توانیومانە بە شێوەیەكی بەرچاو هەندێك لە چێژە سەرەكییەكانی ژیانی تاكی موسوڵمان لەناو كۆمەڵگەی ئیسلامیدا بخەینە بەر چاو.

لەم نامیلکەدا نوسەر هەولوماندوو بونێکی زۆری داوە بۆ پالفتەکردنی هەموو ئەو چێژانەی لە ژیانی تاکی موسولمان دا هەیە لەناو کۆمەلگەدا، بە گەشتنی تاك بەو چێژە کۆمەلگەیەکی ساغی لێ بەرهەم دێ، کاتێك مرۆڤ زانی هەموو کردەوەکانی پێویستی بە وەرگرتنی چێژە لێوەی ئەوژکات سنورەکانی مرۆڤ بونی خۆی نابەزێنێتو وەك مرۆڤ مامەلە دەکات، پێکەوە چێژ لە پەرستشەکان دەبینین بۆ ئەوەی ڕێگر نەبین لە چێژ بینینی کەسانی تر....

وەرگێڕ

ملازمی دوو/ هێمن قادر شاسواری

٢٠١٧/٤/٢٥

زەڕایەن

# کۆمەڵگەی چێژی باڵا

**یەکەم/ واتاو مەبەست لە وشەی (چێژ):**

**وشەی (ذاق) بە مانای چەشتن دێت، کە پرۆسەیەکە بە ئەندامێکی جەستەی وەك زمان ئەندام دەدرێت نەك بە ئەندامە بەرجەستە بەرچاوەکانی تری جەستە، کاتێك خواردنێك دەخۆیت دەڵێی: چێژم لە خواردن وەرگرت، یاخود هەستم کرد بە تامی خواردنی ناو دەمم، جا ئەوکات: شیرینیو ترشی و تاڵیو سوێریو سارزگاریو سادیو گەرمی خواردنەکە دەبینیت ئەوە چێژ بینینە.**

**لە پەرتوکی (المصباح المنیر) بەم شێوەیە پێناسی (ذوق) هاتووە: (چێژ: هەستکردنە بەتامی خورادن بەهۆی شلەیەکی سەرزمان،کە پەیوەستە بەو دەمارەی لەسەروی زمانەوە ڕاخراوە، بۆیە دەوترێت چێژم لە خواردنەکە وەرگرت، ئەگەر بەو هۆیەوە بە چێژی خورادنەکەی زانی.**

**لێرەوە دەبینین وشەی چێژ لە مانا بنەڕەتییەکەی گوازراوەتەوەو، بە کار هێنراوە بۆ چەند مانایەکی تر و هەڵکێشراوە بەباڵای ناوی کاری تردا، بۆیە دەبینی دەست لێدان لە جەستەو دەستو پێست پێی دەگوترێت چێژ ، بەهەمان شێوە وەك مانایەك بۆ سوکایەتی پێکردن بۆ سزاش دانراوە، هەروەها بۆ ڕوداێکی لەناو بەری وەك مردنیش بەکار دەهێنرێت.**

بەم شێوەیە وشەی (چەشتن) وەك هەستێكی گشتی بەكاردێت بۆ بینینو بیستنو بەركەوتن، یان كاتێك هەموو هەستەوەرەكان بەشدار دەبن لە كارێكدا، بۆیە وشەی چێژ وەك دەربڕینێك لەسەر ئازارەكانو نەخۆشیو برسێتیو ترس بەركاردێت

دووەم/ ماناو مەبەستەكانی (چێژ) لە قورئانی پیرۆزدا:

لە قورئانی پیرۆزیشدا مانای (چێژ) بە مانا سەرەكییەكەی خۆی نەهاتووە جگە لەو ئایەتەی خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَآنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾[١].

واتە: جا شەیتان بە سوێند خواردن ئادەمو حەووای هەڵخەڵەتاندو لە بەرزییەوە هێنانیە پەستی، ئادەم وای ئەزانی كەس بە درۆ سوێند بە خودا ناخوات، ئیتر لە داری گەنمیان خواردو ئەو بەرگە نوورانییەیان لەسەر لاچوو و عەورەتیان دەركەوتو، خەریك بوون گەڵای داری بەهەشتیان بە خۆیانەوە دەپێچا تا عەورەتیان دەرنەكەوێ، ئینجا خودا بانگی لێكردنو فەرمووی : ئایا من مەنعم نەكردن لە خواردنی بەری ئەو دارە؟ ئایا پێم نەوتن كە بە ڕاستی شەیتان دوژمنێكی دیاریو ئاشكراتانە؟

لەكاتێكدا زۆر فەرمودەی پەروەردگار هەیە وشەی چەشتنی بەمانا گشتییەكەی هێناوە، لەسەر چێژ بینینو پەیوەندییان بە چەندین هەستی جەستەیی‌و دەروننیەوە.

---

[١] - الأعراف: ٢٢.

لەباسی چێژ بینین لە سۆزی پەروەردگار، دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا أَذَاقَهُم مِّنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ﴾[1].

واتە: کاتێ تەنگی و زیانێ بکەوێ لەو خەڵکە کە هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن هاوارو نزا دەکەن، لەپەروەردگاریان بەلاڵەو گەڕانەوە بۆ لای و کۆتایی هێنان لە نزاو هاوار لە بتەکانیان ، ئینجا لەپاش ئەوە کاتێ لەلایەن خۆیەوە و بە لوتفی خۆی بەزەییەکیان دەرباره بکات و دەروویان لێبکاتەوە دەستەوتاقمێ لەوانە هاوبەش بڕیار دەدەن بۆ پەروەردگاریان کە ڕزگاریکردن.

کاتی باسکردنی خێرو چاکەو دەربڕینی فەزڵی سۆزداری خودای پەروەردگار، دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَن يُرْسِلَ الرِّيَاحَ مُبَشِّرَاتٍ وَلِيُذِيقَكُم مِّن رَّحْمَتِهِ وَلِتَجْرِيَ الْفُلْكُ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾[2].

واتە: هەندێ لەڕابەرو نیشانە ڕوونەکانی خوا ئەوەیە ناو بەناو چەند جۆرە بایەك ڕەوانە دەکات بۆ مژدە پێدانتان ، بۆ ئەوەی کەشتی بگەڕێ بە فەرمانی خوا بەهۆی هێزو پاڵ پێوەنانی با ،بۆئەوەی هەندێ لە بەخشش و بەهرەو فەزڵی خواتان دەست کەوێت بەهۆی گەڕان و هاتۆچۆی نێو دەریاکان و گوزەرکەن پیایاندا بۆ بازرگانی بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکەن لەسەر ئەو چاکەو بەهرانەی لەوانەدا هەبوون.

---

[1] - سورة الروم: آية ٣٣.

[2] - سورة الروم: آية ٤٦.

له قورئانی پیرۆزدا وشەی (چەشتن) وەك بەڵگە لەسەر سزادان هاتووە: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ * ثَانِيَ عِطْفِهِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَنُذِيقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَذَابَ الْحَرِيقِ﴾[1].

واتە: کەسانی وا هەن ئەکەونە دەمەدەم لەبارەی بوونی خواوە بێئەوەی هیچ بزانن و کەسێ شارەزای کردبن و کتێبێکیان بەدەستەوە بێ بەرچاوو دڵیان ڕوون بکاتەوە (٨) ملپێچی ئەکاو مل لائەدا لەوەرگرتنی ئامۆژگاریی پێغەمبەران، بۆ ئەوەی خەڵك لە ڕێی خوا لابداو گومڕایان بکا، ئەم جۆرە کەسانە لە دنیادا ڕیسوایی و سەرشۆڕییان بۆ هەیەو لە قیامەتیشدا سزای ئاگری سۆزندەیان پێ ئەچێژین.

هەروەها چێژ لە قورئاندا لەگەڵ هەستکردن بە برسێتیو ترسیش پێکەو هاتووە: ﴿وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَداً مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللّهِ فَأَذَاقَهَا اللّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ﴾[2].

واتە: خوا نموونەی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانیی شاری ( مەککە) دێنێتەوە ،کە ژیانیان پڕبوو لە ئاسوودەیی و ئارامش،کەچی لەملاو لەولایئەوانیشەوە خەڵك تالآندەکراو دەڕفێنران، پاشان کە پەیامبەریان (ﷺ) بۆ هات و لەباتیشوکرانە بژێریی، پشتیان تێکردو دڵیان ئێشان، ئینجا خوای بالآدەست جۆراو جۆر جەزرەبەی دان و لێی تێکدان، لەهەموولایەکەوە ڕزق و ڕۆزیی و نیعمەتی زۆریان بۆ دەهات ، کەچی لەباتی شوکرانە

[1] - سورة الحج: آية ٨-٩.

[2] - سورة النحل: آية ١١٢.

بژێریی لەبەرامبەر ئەو هەموو گشت چاکەوە ناسوپاسی نیعمەتەکانی خوایانکردو باوەڕیان بەپێغەمبەرە کەی نەکردو چوون بەگژیا ، جاخوایش جل و بەرگی برسیەتی و ترسی لەبەرکردن و تالأوی پێچێشتن! پاش ئەوە کە دوعای لێکردن وفەرمووی: خوایە ! داوات لێدەکەم، ساڵە قات و قڕەکانی سەردەمی (یوسف) یان بەسەربێنە، ئینجا گرانیەکی وایان تێکەوت، بەناچاریی کورکی وشترِیان تێکەڵی خوێن دەکردو لەسەر ئاگریان دەناو دەیانخوارد !.

دیسان خوای پەروەردگار دەفەرمویێت ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾[1].

واتە: هەموو گیانلەبەرێ ئەبێ تالأوی مەرگ بچێژێو ئەم دنیایە بەجێبێڵێ، جا لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتان پێ ئەدرێتەوە، ئیتر ئەوەی لە سزای ئاگری دۆزەخ لادراو خرایە بەهەشت، ئەوە بەختیارو سەرکەوتووەو ڕابواردنی دنیاو دارایی‌و سامانی هەموو بێ سوودن‌و هۆی لە خۆبایی بوون‌و خەڵەتانی بنیادەمن.

قورئانی پیرۆز بەڕونی و ڕاشکاوی ئاماژەی داوە بە گرنگی هەستەوەرە جەستەیی‌و دەرونییەکان‌و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە، هەروەها باسی ئەو مەترسی‌و لادانانەی کردووە کە خاوەنەکەی توشی زیانێك دەکات‌و دەبێتە هۆی نەهامەتیش بۆ خەڵکانی

---

[1] - سورة آل عمران: آية ١٨٥.

تر، بۆیه پێویسته بهپێی ئهم ڕێسایانه كاربكهین بۆ گهیشتنمان به ئهنجام: ﴿وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾[1].

واته: بهدوای شتێكدا مهچۆو نهزانیچییه!و چۆنهو زانیاریت دهربارهی نییه،واته: تا بهتهواوی زانینت به شتێ نهبیت، ههنگاوی جیددی بۆ نهنێیت و قسهی لێنهكهیت وبه دووی گومان مهكهوه، چونكه بهڕاستیی ههموو ئهمانه، ( گوێ و چاوودڵ ) ههریهكهیان لهڕۆژی قیامهتدا بهرپرسیارن لێی.

## چێژ له پۆشینی پۆشاكدا

ئهگهر ههموو نهتهوهكان به پێی پۆشاكهكانیان پۆلێن بكهین، دهبینین ڕهنگ دانهوهی ژینگهو وڵاتهكانیان لێوه دهبینین، بۆیه هیچ نهتهوهیهك بهشێوهیهكی نادیدهگیری ئهو پۆشاكانهیان ههڵنهبژاردووه، بهڵكو ههموونهتهوهكان ئامانجێك ههیه له پۆشینی جۆرێكی تایبهتی جلو بهرگ.

دهبینی له وڵاته گهرمهكاندا پۆشاكی تهنكو سپی دهپۆشن بۆ ئهوهی لهگهرمای تیشكی خۆر ڕزگاریان ببێت، لهوڵاته ساردهكانیش پۆشاكی ئهستور دهپۆشن بۆ ئهوهی له سهرماو سۆڵهو زریانی زستان بیان پیان پارێزێت.

یاخود دهبینی كهسێكی دهشتهكی له بیابانێكدا عهبایهك لهبهردهكات، چونكه جارێك دهیكات به ڕایهخو جارێكیش بهخۆیدا دهدات له گهرمای هاوینو سهرمای

---

[1] - سورة الإسراء: آية ٣٦.

زستان دەیپارێزێت و جار جاریش دەیکات بە تۆشەبەرەو پێداویستییەکانی تێدەخات، یان کەسێك لە کارگەیەك کاردەکات بە پانتۆڵێکی تەسکەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە جوڵەو کارکردنی نەگرێت لەلایەك‌و هەروەها بتوانێت بە ئاسانی لە نێوان ئامێرەبچوکەکان بجوڵێت‌و دوریش بێت لە زیان لێکەوتنی... بەم شێوەیە دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان پۆشینی پۆشاك‌و ژینگەی دەوروبەر لەگەڵ بەستنەوەی بە ژیان‌و سروشتی نیشتەجێ بونی.

ئیسلام جۆرێك پۆشاکی لەسەر مرۆڤەکان بە ئەرك دانەناوە، بەڵکو چەند یاسایەکی گشتی بۆ داناوە، کە پێویستە لە ژیادا پیادەیان بکات:

یەکەم: ئافرەتان دەبێت مێنەییان بپارێزێن، کە نهێنییەکی بە پێزی بەردەوامی ژیانە، نابێت ئافرەت جگە لەمێردەکەی کەسی تر مێینەیی ببینێت، نابێت ئەو دیارە بەنرخە بدات بە هەموو کەسێك، خودا حەرامی کردووە لەسەری کە جوانی خۆی بۆ خەڵکانی بیانی و نامەحرەم پیشان بدات، لەڕێگەی لەبەر کردنی پۆشاکی تەسك‌و تەنك، یاخود هێندە ناسك بێت جەستەی دەربخات.

دووەم: پیاوانیش دەبێت پارێزگاری لە پیاوێتییان بکەن‌و خۆیان نەچوێنن بە ئافرەتەوە بە پۆشینی پۆشاکی ناسك‌و نەرم، لەم ڕوانگەیەوە پێغەمبەر (ρ) نەفرینی کردووە لە خۆ چواندنی ئافرەتان بە پیاوانەوە و بە پێچەوانەشەوە.

سێیەم: نابێت درێژی و کورتی پۆشاك لەگەڵ جۆری قوماشو شێوەی دوروینی هۆکارێك بێت بۆ خۆ بەگەورە زانین، چونکە خودا لە خۆ بایی بونی لەسەر بەندەکانی حەرامکردووە، لە (عەبدووڵڵای کوڕی عومەرە) وە هاتووە (ر) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "ئەوانەی جلو بەرگەکانیان شۆڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی شانازی بکەن بە سەر بەندەکانی خوداوە لە قیامەتدا خودا بەچاوی سۆزەوە سەیریان ناکات"[1].

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەختی کردوەتەوە لەسەر دەرکەتن بە پۆشاکی جوانو شایستەوە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾[2].

واتە: ئەی ئادەمیزادینە! جلو بەرگتان لەبەرکەنو عەورەتتان داپۆشن لە هەر مزگەوتێکدان لە کاتی تەواف یا لە کاتی نوێژکردنداو بە ڕووتی نوێژ مەکەن.

کاتێك زانیمان مرۆڤ (٥) جار لە شەوو ڕۆژێکدا کڕنوش بۆ خودا دەبات، ئەوکات دەزانین ئیسلام پێداگر لە گەیاندنی موسوڵمانان بە باڵاترین شوێنو وەرگرتنی خۆشترینو چێژێك لە ڕێك پۆشیندا.

یەکێك لەو وێنە جواننە ئیسلام پیادەی دەکات پێداگرییە لەسەر پۆشینی پۆشاك جوانی، و ڕێکخستنو جوانکردنی کاروانەکان ئەگەر چی لە سەفەریشدابون، بۆ ئەوەی

---

[1] - مسلم

[2] - سورة الأعراف : آية ٣١.

دەرکەوێت مسوڵمانان لە ناو کۆمەڵگەدا ناونیشانی چێژو پاکو خاوێنین، لە ڕوی دەرونیو جەستەییەوە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: پۆشاکی باش بپۆشن، گەشتەکانتان بە یەك بخەن، بۆ ئەوەی بە شکۆوە لە نێو خەڵکدا دەربکەون)[1].

ئیسلام زۆر پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی موسوڵمان نمونەی باڵابێ لە تەواوی ئەرکە مرۆڤایەتییەکاندا، (جابر) لە (عەبدوڵڵا)وە دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: گوێم لێبوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرمو: "باپێڵاوتان زۆربێت، چونکە مرۆڤ هەتا پێڵاوی لە پێدابێت وەك ئەوەوایە سواری بێت".

---

[1] - حاکم.

# چێژ له سه‌لام كردن

ئاینی ئیسلام زۆر پێداگری ده‌كات له بڵاوكردنه‌وه‌ی سه‌لام له‌نێوان خه‌ڵكدا، گرنگییه‌كی ته‌واو ده‌دات به گۆڕینه‌وه‌ی ئه‌م وشه‌یه، چونكه (سلام) كردن ده‌رگای لێك گه‌یشتن‌و یه‌كتر ناسین‌و پێكه‌وه ژیانه، بۆیه ئیسلام زۆر گرنگی داوه به‌وه‌ی سه‌لام بكرێته بناغه‌ی كۆمه‌ڵگه بۆ داڕشتنی خۆشه‌ویستی له ناو مرۆڤه‌كاندا.

ئاینی ئیسلام یاساو هونه‌ری تایبه‌تی داناوه بۆ بڵاو كردنه‌وه‌ی گیانی خۆشه‌ویستی‌و برایه‌تی، سه‌لام كردنیش یه‌كێكه له‌و یاسایانه، چونكه په‌یامی پێكه‌وه ژیان‌و هاوسۆزی ده‌گه‌یه‌نێت، بۆنمونه: بۆ رزگار بون له دڵه ڕاوكێ و دوو دڵی له‌سه‌ر كه‌سی سواری داناوه سه‌لام له كه‌سی پیاده بكات، وه به‌هۆی باڵا ده‌ستی پێویسته كه‌سی پیاده سه‌لام له كه‌سی دانیشتو بكات، یاخود بۆ ئه‌وه‌ی كه‌سك په‌یامێك ئاڕاسته‌ی كۆمه‌ڵێك بكات بۆ ڕۆشتنه ناو كۆمه‌ڵه‌كه‌یان پێویسته تاك سه‌لام له كۆمه‌ڵ بكات، ئه‌م یاسایه بۆ ئه‌وه‌یه گیانی دڵه ڕاوكێ‌و دوو دڵی‌و نامۆیی له‌ناو تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌دا له‌ناو ببات‌و دڵپاكی‌و ئاسوده‌یی به‌سه‌ر مرۆڤه‌كاندا ببارێنێت.

(ئه‌بو هوره‌یره) ده‌گێڕێته‌وه، ده‌فه‌رموێت: پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمویه‌تی: "با سواری سه‌لام له پیاده بكات وه پیاده‌ش سه‌لام له كه‌سی دانیشتوو بكات، وه كۆمه‌ڵه كه‌مه‌كان سه‌لام له كۆمه‌ڵه زۆره‌كان بكه‌ن"[1].

---

[1] - مسلم

ئەگەر ئیسلام سڵاو کردنی کردبێت بە ئەرکێکی موسوڵمان ئەوە وەڵام دانەوەی کردووە بەئەرکێکی لە پێشینە و پێویستە وەڵامی سەلامەکەی بدرێتەوە، چونکە وەڵامدانەوەی سەلام لە دڵی بەرامبەردا کاریگەرییەکی شیاوی وەڵامەکە بەجێ دەهێڵێت، و دەبێتە هۆی پاککردنەوە دڵە ڕاوکێ‌و هەڵە تێگەیشتنێك.

وەك خودای پەروەردگار دەفەرمویت:﴿ وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ﴾[1].

واتە: ئەگەر سەلامتان لێکرا ئێوەش بە سەلامێکی جوانتر، وەڵام بدەنەوە،یا هەر هیچ نەبێ وەك ئەو وەڵام بدەنەوە، لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ جوابی سەلام واجبەو نابێ پشتگوێ بخرێ.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرمویت: "مافی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان پێنجە: وەڵامدانەوەی سەلامەکانیان، وەڵامی پژمینەکەیان، وەڵامدانەوەی بانگهێشتەکانیان، ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکەیت، هەروەها شوێن کەوتنی جەنازەکەی".

سەلام کردن‌و هەواڵ پرسین دوو ڕەوشتی باڵای مرۆڤن بۆ ئەوەی بتوانرێت خێزانێکی بچوکی لێ دروست بکرێت‌و پاشان ببێت بە بناغەی کۆمەڵگەیەکی گەورە، بۆ ئەوەی هەموان بەشداربن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نمونەیی باڵا، ئەمانەش لە هۆکارە ناوازەکانی پەروەردەی ئیسلامین، دەبینی یاسای داناوە دەڵێت: بەتەمەنەکان سڵاو لە

[1] - سورة النساء: آية ٨٦.

منداڵەكان بكەن، چونكە هەستی میهرەبانیو پەروەردەیەكی دروستیان لا بنیات دەنرێت لەناخیانداو مانای هەست بە گەورە كردنیان پێ دەبەخشێت، ئەم كارە دەبێتە هۆی دەستاو دەست كردنی دیمەنێكی سەرنج ڕاكێشو باش بۆ ئەوەی جیلەكانی دوای خۆی لەسەر پەروەردە بكرێت.

(سەیار) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لەگەڵ (سابتی بەنانی) لە جێگەیەكەوە دەڕۆیشتنین دامان بەلای هەندێك منداڵدا سڵاوی لێكردن، (سابت) وتی لەگەڵ (ئەنەسدا) دەڕۆیشتم بەلای هەندێك منداڵ دا سەلامی لێكردن، فەرموی چونكە منیش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دامان بەلای هەندێك منداڵدا سەلامی لێكردن[1].

---

[1] - مسلم.

# چێژبینین لە پەرستشەکاندا:

چێژ وەرگرتن ڕەهەندێکی گرنگی پێك هاتەی ڕەوتی ژیانە، جا ئەم چێژ وەرگرتنە پەیوەندی نێوان بەندەو خودابێت، یاخود مرۆڤو مرۆڤ، زۆر جاریش بە پەیوەندی نێوان مرۆڤو ئاژەڵو تەنانەت ئاژەڵو ئاژەڵیش دەوترێت.

میتۆدی ئیسلام بابەتێکی گشتگیری مرۆیی باڵایە، و هەموو پەرستش و دروشمەکان لە خۆ دەگرێت لەسەر بنەمایەکی بەرزو گەورە لە چێژ دامەزراوە و جبێبەجێ کارەکەی دەکاتە مرۆڤێکی خاوەن ڕەوشتو جوانی لەسەر بنەمای چێژبینین بنیات نراوە، ئەنجام دەرانی ئەم بنەمایانە دەبنە خاوەنی رەوشتێکی باڵاو ئاسودەییەکی تەواو دەگەیەننە ئەنجام دەرانی.

ئەم ڕەوشتانەش بەدەر لە نوێژو ڕۆژو نوێو زەکاتو حەج کە ئەمانە خۆیان بۆ چێژو هەستێکی تایبەتی بەخۆیانی پێوەو مرۆڤ لە ئەنجام دانیان دەگاتە پلەیەکی باڵای چێژ بینینی لێیانەوە، چونکە ئەم هەستانە دەبنە سارێژێکی زۆر سەیر بۆ ئازای بێداران‌و ناز هەڵگرتنی بێ نازان‌و، گرنگی دان بە تاكو کۆمەڵو دانان بە بونیاندا، مرۆڤی موسوڵمان ئەو هەستەی کە هەیەتی لە کاتی وەستانیدا لە نوێژەکانیدا لە هیچ کاتێکی تر نایبینێت، بەڵام یاسای بۆ ئەمەش داناوە، بۆ نمونە: ئەگەر پێش نوێژبێت دەبێت لە نوێژ خوێنانی بکاتەوە، دەبێت داواکانیان پشتگوێ نەخات، هەوڵی چارەسەری کردنی کێشەکانیان بدات.

(ئەنەس) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: "نوێژم نەکردووە لە دوای هیچ پێش نوێژێکەوە نوێژەکەی کورتتربێت لە نوێژی پێغەمبەر (ﷺ) وە هیچ کەسم نەبینیوە لە نوێژی ئەو تەواوتربێت، ئەگەر گوێی لە گریانی منداڵ بوایە نوێژەکەی کورت دەکردەوە"[١].

(ئەبو قەدادە) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر فەرمویەتی: "کاتێك دەچمە ناو نوێژەوە دەمەوێت نوێژەکەم درێژ بکەمەوە بەڵام گوێم لە دەنگی منداڵە نوێژەکە کورد دەکەمەوە لە ترسی ئەوەی دەزانم دایکەکە چەند بە پەرۆشە"[٢].

لە زەکاتو بەخشیندا.. هیچ شتێك لەوە ناوازەو درەوشاوە تر نییە کاتێك شیرینی فەرمانی ئیسلام دەبینی لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەو شێوازی بەخشیندا، چونکە زۆر گرنگی بەلایەنی دەرونی مرۆڤ داوە، بۆیە هەمیشە پێداگری دەکات لە ئەنجام نەدانی چاوخوارکردنو ئازاری دەرونی، بەم دوو کارە پاداشتی بەخشینەکە نامێنێت، ئیسلام زۆر هەستی مرۆڤەکانی ڕاگرتووە فەرمان دەکات بە نهێنی ببەخشن، یاسایەکی زۆر گرنگی بۆ ئەمە داناوە: نابێت دەستی ڕاست بە دەستی چەپ بزانێت کاتێك کەسێك دەیەوێت بەخشێت، بۆ پاراستنی کەسایەتیو ڕازی کردنی هەستی بەرامبەر.

چێژ لە ڕۆژوگرتندا... ئەوەیە کە موسوڵمان بگەیەنەتە پلەی باڵای ڕەوشتی و ئاستێکی پرشنگدار لە ژیانی تایبەتیو کۆمەڵایەتیدا، نابێت وەڵامی جوێن بە جوێن و

[١] - متفق عليه.

[٢] - البخاري.

خراپە بە خراپە بداتەوە، لەکاتی ئازار دانی کەسی بەرامبەر دەبێت بڵێت: من بەڕۆژووم، یان چێژ بینین لە برسێتیو تینوێتیو ماندوو بونی ڕۆژو، ئێمە نازانین لە ڕۆژو گرتندا چەند هەستی تایبەتی هەیە.

لە مەراسیمی حەجدا... تەنها بە ئازاردانی جەستەیی لە تەوافو سەعیدا فەرمانی ڕێگری نەکردووە، بەڵکو ڕێگری کردووە لەوەی کە مناقەشە بکرێت لە حەجدا، بۆ ئەوەی ئەو کۆبونەوە گەورەی تەمەنی مرۆڤ لەو جێگە پیرۆزەدا بەخاوێنی کۆتایی پێ بهێنرێت، دڵەکان ببێتە سەرچاوەی هەڵقوڵانی ئیمان لێیەوە.

ئەمە ڕەوشتی باڵای ئیسلامە، ئەمە ڕەوشتی تەواوی موسوڵمانە بۆئەوەی بگاتە بەرزترین لوتکە، دەبێت بەرامبەر خراپەو کارە پوچو قێزونەکان بجەنگێت، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی ڕۆحێکی پاكو ڕوون، ببێتە نەمامێك بۆ گەشە کردنی کۆمەڵگەیەکی ئاسودەو دوور لە کارە بێ بەهاکان.

## نەرمی نواندنی پێش نوێژ بەبەرامبەر بە نوێژ خوێنانەوە:

کاتێك نەرمو نیانی لە هەموو لایەکی کۆمەڵگە بڵاو بویەوە، دەبێت پێش نوێژ ببێتە نمونەیەکی باڵا بۆ موسوڵمانان بە گشتی و نوێژ خوێنان بە تایبەتی، بۆیە نابێت نوێژەکانی درێژ بکاتەوە، چونکە لە ناو نوێژ خوێناندا کەسی بەتەمەنو نەخۆشو دەردەدار هەیە، ناتوانن زۆر لە نوێژدا بوەستن، یاخود دایکێك هەیە مندالی جێهێشتوە پێویستی بە شیرپێدان هەیە، یان خواردن پێدانو خەوتن هەیە، یاخود ماڵ خاوێن دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی خوێندنی ئایەتەکان لە لایەن پێش نوێژەوە یان سوجدەو کڕنوشەکاندا بیری لای کارەکانییەوە نەبێتو چێژی وەستانو خشوعی لەبیر نەمێنێت، پێویستە نوێژەکەی کورت بکاتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: " هەر کەس لە ئێوە پێش نوێژی بۆ خەڵککرد با نوێژەکەی کورت بکاتەوە، چونکە لە ناو نوێژ خوێناندا منداڵو لاوازو نەخۆشو بەتەمەنو خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە، ئەگەر هەرکەس نوێژی بە تەنها کرد با بە توانای خۆی درێژی بکاتەوە".

# چێژ لە بەیەك گەیشتنو كۆبونەوە

ئیسلام ئاینی یەكگرتوو كۆبونەوەیە، پەیامی یەك خستنی پەیوەندی نێوان نەتەوەو گەلانی پێیە، بۆ ئەوەی هەموویان لەسەر یەك بیرو باوەڕ كۆ ببنەوە.

بۆیە ئیسلام پێداگری زۆر دەكات لەسەر نوێژ كردن بە كۆمەڵ، بەتایبەت نوێژی هەینی، لەگەڵ ئەمانەشدا بانگی خەڵك دەكات بۆ نوێژی جەژنەكانو ئەنجامدانی حەج ئەویش پەرستشێكە بە كۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، لەم كارانە هەمویان گرنگی دانی ئیسلام بە كۆ بونەوەو كۆمەڵ نیشان دەدات.

لەبەرئەوەی ئەوەی كۆبونەوە هۆكارێكە لە هۆكارەكانی بونیاتنانی ئوممەتی قورئان، بۆیە دەبینی بۆ ئەو كۆ بونەوەیە یاساو بنەمای لەسەر چێژێكی باڵا داناوە، بۆ ئەوەی كۆمەڵگە بكاتە پێشەنگو ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی تاكەكانی بەرەوتێكی بەرز بەرەو باشترین و جوانترین.

لە پشت هەموو كۆبونەوەو بە یەكگەیشتنەكان ئیسلام ئامانجی تایبەتیو گەورەی داناوە، بۆیە پێویستە خۆ بپارێزین لە كات بەفیڕۆ دانو بەهەدەر دانی ئەو سامانە گرنگەی ژیان، نابێت توانای مرۆیی بەفیڕۆ بدەین تیایدا، چونكە ئەو توانایانە دەبێت لە پێناوی خزمەتكردن بە كۆمەڵگە بكات بە قوربانی.

(ئەبو سەعیدی خودری) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "ئاگاداربن زۆر لە ڕێگاكان دامەنیشن، وتیان: ئەی چی بكەین ناچارین هەردانیشتین،

فەرموی: ئەگەر ناچار بوون مافی ڕێگەکە بدەن، وتیان: مافی ڕێگە چییە؟ فەرمووی: چاوتا لە حەرام لابدەن، ئازاری خەڵك مەدەن، وەڵامی سەلامی خەڵك بدەنەوە، فەرمان بە چاکە بکەن ڕێگری لە خراپ بکەن"[١].

ئەگەر موسوڵمان خۆی ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتنی بۆ کۆڕو کۆبونەوەیەك کە نوێژ، یان زانست، یاخود توێژینەوە و گفتوگۆی زانستیانەی تێدابوو،،، هتد، ئەوا پێویستە ڕێگەی ئیسلامیانە بەکار بهێنین بۆ ڕێکخستنی خۆیو پاکژ کردنەوەی جەستەو پۆشاكو خۆ بۆنخۆش کردن.

(ئەبو سەعیدی خودری) دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "هەموو کەسێکی لەشگران دەبێت خۆی بشوات، وەسیواك بکات، هەرچەند توانای هەیە بۆنی خۆش لەخۆی بدات"

دایکمان (عائیشە) دەگێڕێتەوە: " بە دەستی خۆم بۆنی خۆشم لە پێغەمبەر (ﷺ) داوە لە پاش ئیحرامو پێش تەوافیش هەر بۆن خۆشم دەکرد".

دایکمان (عائیشە) دەگێڕێتەوە: " وەك ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەرچاوم بێت و سەیری بکەم، بریسکەی میسك بەسەر سەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لە کاتێکدا بە ئیحرامەوە بوو".

١ - مسلم

کاتێك بۆ موسوڵمان نوسرابێت چۆن بڕوات بۆ کۆڕێك یان دیارێك، ئەوا دەبێ بە پێی ڕێنمایی و نەخشە ڕێگای ئیسلامدا بڕوات، ئیسلام ڕێڕەوێکی پڕ ئامانجی داناوە دەبێت بگیرێتە بەر لە ڕوخۆشیو، چالاکیو، ئەرێنی بوون، بۆ ئەوەی یەکەم چاوپێکەوتن بەهێزو بەتین دروست بێت، چونکە یەکەم چاوپێکەوتن لە هەموو کایەیەکدا زۆر گرنگە، ئەگەر سەرکەوتوو بوو ئەوە هەموو کارەکانی تر ئاسان دەبێت.

(ئەبو زەڕ) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: " هیچ کارێکی چاکە بەکەم مەگرن با بە ڕوویەکی خۆشیش بێت بەرامبەر براکەت"[١].

ئیسلام هەمیشە لە ئاستو چێژێکی بەرزدا سەر دەکەوێت بۆ سەر لوتکەی شاخ، بەجەخت کردنەوە لە دورخستنەوەی هەموو ئەو شتانەی نیگەرانی دەنێتەوە ، جا ئەو چاوپێکەوتنە بە تەلەفوون بێت، یان بە بێزار کردن بێت بە بۆنی ناخۆش، یان بە نیشاندانی دیمەنێك بێت لەڕێگەی چاوەوە.

(عبدالله ی کوڕی مسعود) دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "ئەگەر سێ کەس بوون با دوانتان بە ئەسپایی و بە چپەوە قسە نەکات، تاوەکو تێکەڵ دەبن لەگەڵ خەڵکیتر نەبێتە مایەی خەفەتو دوو دڵی بۆ خەڵك"[٢].

دواتر ئاینی ئیسلام زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر لابردن و نەهێشتنی بۆنی ناخۆش لە هەر شوێنێکدابێت، چونکە لە دەرونی مرۆڤدا کاریگەری خراپ دروست دەکاتو،

---

١ - مسلم

٢ - مسلم.

وێنایەكی ناشرین بەجێ دەهێڵێت، ئەگەر ئەم كارەبەردەوام بوو ئەوە ئاسودەییو ڕازی بوونی بەرامبەر نامێنێت... ئەو كۆمەڵگەیەی پڕیەتی لە گاڵتەجاڕیو سوكایەتی هەرگیز ئاسودەیی تیایدا بەرقەرار نابێت، چاوەڕوانی چاكەشی تیا نابینرێت.

موسوڵمان ڕاسپێردراوە لە كاتی دەرچونی هەر جۆرە بایەكدا دەست نوێژبگرێت، بەتایبەت و دیاری كراویش لەكاتی نوێژدا، چونكە ئەوكاتە تایبەتەو پێویستی بە پاك بونەوە دەرونو جەستە هەیە.

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ﴾[1].

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە بە خوداو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ویستتان هەستن بۆ نوێژكردن واتە نیازتان بوو نوێژ بكەن، لەپێشدا دەموچاوو ڕوخساتان بشۆرنو هەردوو دەستتان بشۆن لەگەڵ ئەنیشكەكانتاناو دەستی تەڕ بێنن بە سەرتاندا، هەردوو پێیشتان بشۆرن لەگەڵ قولەقاپەكانتان.

مرۆڤی موسوڵمان فەرمانی پێكراوە كە خۆراكە بۆن ناخۆشەكان نەخوات كاتێك دەڕوات بۆ كۆبونەوەیەكو تێكەڵاوی خەڵكیتر دەكات، بەتایبەت بۆ مزگەوت، چونكە شوێنی كۆبونەوەی موسوڵمانانەو جێگای پاك بونەوەی دەرونو ڕۆحە، زۆر پێویستە

[1] - سورة مائدة: آية ٦.

لەسەریان خۆیان بەدرو بگرن لە خواردنی خۆراکە بۆندارەکان بۆ ئەوەی ئازاری خەڵك نەدات.

(ئیبن‌و عومەر) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزوەی (خەیبەر)دا فەرمووی: "هەرکەس ئەم ڕووەکەی خورادووە -واتە سیر- بانەیەتە ناو مزگەوتەکانمان"[١].

(جابری کوڕی عبداللە) دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "هەرکەسە پیازو سیری خوارد با دوور بگرێت لە مزگەوتەکانمان‌و لە ماڵەوە دانیشێت)[٢].

(قەعدانی کوڕی ئەبو تەڵحە) دەگێڕێتەوە، کە (عومەری کوڕی خەتتاب) وتاری دەدا دەیفەرموو: "خەڵکینە! ئێوە دوو ڕووەك دەخۆن من بە پیسیان دەزانم، ئەوانیش (سیرو پیازن)، پێغەمبەرم(ﷺ) بینیوە ئەگەر ئەو بۆنەی لە هەر کەس بهاتایە دەینارد بۆ بەقیع‌و ئەگەر هەرکەس لە ئێوە دەیخوات ئەوا با بیکوڵێنن، چونکە بۆنەکەی بە کوڵاندن نامێنێت".

---

[١] - مسلم.

[٢] - ابوداود.

# چێژ لە قسەکردنو گفتوگۆدا

ئیسلام وشەی ناپەسەندو دەستەواژەی خراپ و دەربڕینی ناشرینی حەرامکردووە، بەڵکو زۆر پێداگری‌و دەکات لە واز هێنانو بەکار نەهێنانیان،

چونکە بەکارهێنانو دەربڕینی وشەی ناشرین‌و نەشیاو لە یاساو پەیامی ئیسلام دەرچووە، بەهۆی ئەوەی ئەم وشانە دەبنە کۆسپو ڕێگر لە سەر گەیشتن بە ئامانجی باڵای قورئان، کە زمان پاکی‌و گفتوگۆی سەنگینە.

قسەکردن لە ئیسلامدا ئادابو ڕەوشتی باڵای خۆی هەیە، ئیسلام ئەتەکێتی زۆر ناوازەی بۆ داناوە ئەگەر بیانگرێتەبەر ئەوە شوێنی یاساکانی ئەم دینە دەکەویت‌و یەکێك دەبێت لە چەشتنی چێژی باڵای ئیسلام‌و ڕەوشتی مسوڵمان.

ئیسلام نەك لە قسەکردن لە هەموو کارەکانی ژیاندا بانگەشەی ڕەوشت‌و چێژی باڵادەکات، بۆیە دەبینیت لە هەموو کایەکانی ژیاندا یاساو ڕێسای خۆی هەیە بۆ ئەوەی بیگرینە بەر و ببین بە پێشەنگی میللەتانو پێشەوابین بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ژیانی مرۆڤایەتی.

یەکەم هەنگاوی ئەم ڕێگایەش ئەوەیە کە مرۆڤی موسوڵمان وشەی جوان بە کار بهێنێت، خۆی بگرێتەوە لەبەکار هێنانی وشەی نەشیاوو ناپەسەند، ئەگەرچی لەو پەڕی تورە بونیشدا بێت، بەڵکو با لە کۆ بونەوەی گاڵتەجاڕی‌و خراپیشدابێت،

پێغەمبەر گاڵتەو وشەی گاڵتە ئامێزی بەکار دەهێنا، بەڵام هەمیشە وتەی حەق‌و ڕاستی بەکار دەهێنا.

(ئەبو دەردائ) دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: "هیچ کردەوەیەك لە قیامەتدا هێندەی ڕەوشت بەرزی قورس نییە لەسەر میزان، خودای پەروەردگار زۆر لە کەسانی خراپبێژو زماندرێژ توڕە دەبێت کاتێك خراپە دەڵێن"[1].

خاتو (عائیشە) دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمویەتی: " خراپترین شوێن لە دوا ڕۆژدا بۆ ئەو کەسانەیە کە لە ترسی خراپەکەی خەڵك پەیوەندی لەگەڵدا دەپچڕێنن".

فەرمان بە موسوڵمانان کراوە پێش وتنی هەر وشەیەك بە باشی و بەئاگاوە بەکاری بهێنێت، ودوور بکەوێتەوە لە بەکارهێنان‌و باسکردنی کەسێتی خەڵکانی ترو دەرخستنی کەم‌و کوڕییکانیان: ﴿أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾[2].

واتە: ئایا کەستان خۆشی دێ؟ لەوەی کە گۆشتی براکەی خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە، دەی کەواتە لە خوداوەند بترسن و پارێزکار بن، بەڕاستی خوداوەند ئەوانەی خۆش دەوێت کە دەست بەرداری گوناهـ دەبن و لێی پەشیمانن، و میهرەبانیشە بۆیان.

---

[1] - ترمزي، وقال حديث صحيح.

[2] - سورة الحجرات: آية ١٢.

خوای پەروەردگار حەرامی کردووە جوێن بە کەسی تر بلێین‌و نەفرینیان لێبکەین، ین وتەی ناشرین‌و ناپەسەند بدەینە پاڵیان با ئەوکەسە دژایەتیمان بکات‌و دوژمنمانبێت.

(ئیبنو مەسعوود) دەفەرموێت: موسوڵمانن تانەو تەشەر دەرو جنێو فرۆش‌و زمان پیس نییە.

هەروەها فەرمان بە موسوڵمان کراوە وتەی شیرین‌و باش بەکار بهێنێت، چونکە وتەی جوان بەرهەمی زۆر باشی دەبێت‌و جێگەی خۆی دەکاتەوە لە ناو دڵەکانداو سۆزو میهرەبانی بڵاو دەکاتەوەو، پەیوەندییە برایەتییەکان بەهێزتر دەکات ئەبور هورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمویەتی: " وشەی باش‌و جوان پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە"[1].

خوای گەورە زۆر بە جوانی دەیەوێت مرۆڤەکان فێربکات کە ببن بە نمونەی باڵا جێگەی پەندلێوەرگرتن ، بۆیە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاء* تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ * وَمَثلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ* يُثَبِّتُ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللّهُ مَا يَشَاءُ﴾[2].

---

[1] - متفق عليه.

[2] - سورة إبراهيم: آية ٢٤ – ٢٧.

واتە: ئەرێ تۆنازانی کەخوا چۆن مەسەل و نموونە دەهێنێتەوە، بۆ ووشەیەکی پاك و خێردارو سوودبەخش ، کەڕیشەو ڕەگیی لەنێو زەوییدا جێگیر بووبێ ، و لق و پۆپەکەشی چووبێ بەئاسماندا ، هەمووکاتێ کە کاتی خۆی هات بەرو میوەجاتەکەی بەفەرمانی پەروەردگاری خۆی دەکا،ودەگا!خوای مەزن، وێنەو نموونەی وردو سوود بەخش دێنێتەوە بۆخەڵکیی ، تابەشکو بیربکەنەوەو عیبرەت و پەندبگرن، بەڵێ وشەی یەك خوا پەرستی لەدڵی ئیمانداراندا وەك ئەو درەختە وایە، ئەوجا نموونەی وشەی پیس و ناپاك و بێخێرو بەرەکەت (شیرك) ، وەك درەختێکی پیس و ناپاكو بێسوودە، بە ڕیشکەوە هەڵکێشرابێ و لەسەر زەویی فڕێ درابێ ، مانەوەو قەراریی نەبێ، جا شیرك و بێباوەڕیش هەرچەندە کێوو دەشت و دەریاکان پڕبکاو بیکاتە هەراو هۆسە، بەو درەختە پیسەیە دەچێ کە بەڕیشکەوە هەڵکێشراوەو فڕێ دراوەتە سەرزەویی و ناجێگیرە، چونکە هیچ ئەسڵ و بنەمایەکی نییە کەبەڵگەی ژیریی و زانستی پشتگیری لێبکا، جا ئەوانە کە باوەڕیان بەخواو بەگشت بڕیارەکانی خوا هێناوە، بەهۆی ئەم وشە جێگیرو نەگۆڕاوەی (لا إله إلا لله) وە خوا پێگەیان قایم و پابت ئەکا ، لەژیانی ئەم دونیاو لەژیانی ئەودونیا و ستەمکارانیش گومڕاو سەرلێشێواو دەکات ، خوا بیەوێ هەرشتێ بکات، زۆر بەئاسانی دەیکات، حەز بکا کێ ڕینموونی بکاو کێیش گومڕاو سەرلێشیواو بکا، ئەمانە هەموو لە دەسەڵاتی ئەودان، پێشەوا (بوخاریی) ئەم فەرموودەیە دێنێ ودەڵێت: مسوڵمان هە رکە خرایە گۆڕەوە و پرسیاری لێکرا، خێرا بەهۆی ڕاستیی دنیایەوە شایەتمانێکی ڕاست و بەهەق دێنێ، مەبەستیش بەم ئایەتە کە خوا دەفەرموێ: (یثبت الله الذین آمنوا بالقول الثابت..) هەر ئەمەیە، بۆیەلەوکاتە ناسك وتەنگەدا وەڵامی پرسیارەکانی گۆڕی بۆئاسان دەکاو لە گشت گرفتەکان دەیپارێزێ، بەلام مرۆڤی لارو لاسارو خوانەناس کە خرایە گۆڕەوە و پرسیارەکانی لێکرا، دەحەپەسێ و وەك شێتی لێدێ و هیچ نازانێ وسەرگەردانە.

یەکێك ل چێژە باڵاکانی گفتوگۆی ئەکادیمیو برایەتی موسوڵمان ئەوەیە نابێت وشەی تێکەڵو ڕستەی بێ مانا بەکار بهێنێت بە چەشنێ کەس لێیان تێنەگات، بەڵکو دەبێت وشەکانی ڕوونو ئاسانو لەسەر خۆو ڕەوان بێت.

دایكمان (عائیشه) (ر) دەفەرموێت: " قسەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوون بوو هەركەس گوێی لێی بوایە لێی تێدەگەشت "[1].

یەكێكی تر لە چێژەكانی گفتوگۆی ئیسلامی ئەوەیە دەنگی لە سەرو پێویست بڵند نەكەیتەوە كە خەڵك بێزار بكات، وە ناشبێت هێندە سوكو لەسەر خۆ بێت كەس لێی تێ نەگات، بەڵكو دەبێت مام ناوەند بێت، ﴿وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ﴾[2].

واتە: میانەو ناوەڕاست بەكار بێنە لە ڕۆیشتن و گەڕانتدا نە بەپەلەو چرپن بە ،نەزۆر لەسەرخۆو بەهێواش ، كەمێك دەنگت نزم بكەرەوە و بەدەنگی بەرز گفتۆگۆ مەكە ئەگەر پێویست نەبوو ، بەڕاستی بێزارترینی دەنگەكان دەنگی زەڕینی گوێدرێژانە!.

یەكێك لە ڕێگە ناوازەكانی گفتو گۆو چێی قسە كردن ئەوەیە: وەك چۆن یاساو ڕێسای تایبەتی داناوە بۆ شێوازی قسەكردن، ئاواش یاساو ڕێگا داناوە بۆ گوێگرتن، ئەویش ئەوەیە بەرامبەر دەبێت بە جوانی گوێبگرێت بۆ ئەوەی تێبگات لە كەسی بەرامبەر، وەك خۆی لە قسەكە بگاتو نە شتی بۆ زیاد بكاتو نە لێشی كەم بكاتەوە، چونكە پێشتر وتمان كات گرنگە لای مرۆڤی موسوڵما بۆیە نابێت قسەكردنو گوێگرتن هەر بۆ كات بەسەر بردنبێت.

---

[1] ابو داود.

[2] - سورة لقمان: اية ١٩.

## چێژ وەرگرتن لە خورادنو خواردنەوەدا:

ئێمە لێرەدا ئەو جۆرو خواردنو خواردنەوانە حەرامکراوانە ناکەین، شەریعەت حەرامی کردووە، ئەو خواردنانە یاسای خۆیان هەیەو شەریعەت کۆتایی بەوە هێناوەو دەرفەتی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی نەهێشتوەتەوە، چونکە خودای پەروەردگار خۆی بەندەکانی باش دەناسێتو دەزانێ چییان پێویستە بۆیە یاسای تایبەتی بۆ داناوە، بەڵکو باسی چێ وەرگرتن دەکەین لەخواردنو خواردنەوە ڕێگە پێدراو دروستەکان، ئێمە دەمانەوێت شێوازی سود بینینو چێژ لێوەرگرتنیان بخەینە ڕوو.

ئیسلام ئاینێکە فەرمانی بەشوێنکەوتوانی کردووە دڵی خەڵك ڕابگیرێت، دەبێت هەستی خاوەن ئاینی تر ڕابگرێتو بریندارنەکرێت نەکات تەنها لەسەر ئەوەی پەیڕەوی دینی ئەم یان بیرو باوەڕێکی تر جیاواز لەئاینی ئەم هەیە.

دەبێت جیاوازی بکات لەسەر ئەو شتانەی بۆ دینەکان دانراوە چۆن بۆ دینی خۆی شتاێك حەرام کراون ئاواش ڕێز لە سنوری دینەکانی تر بگرێت، یەکێك لەو هەڵوەستانە ئەوەیە کە بە هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ هەموو دینێك بکەین.

ئەگەر موسوڵمانێك بانگکرا بۆ سەر خواردنێك نابێت تانەو تەشەرو ڕەخنە لە خواردنەکە بگرێت، تەنانەت ئەگەر خورادنەکەشی بە دڵ نەبوو یاخود حەزی لێ نەدەکرد، وە نابێت زۆر لەسەر هاوەڵەکانی بکات ئەوەی ئەو نایەوێت نابێت ئامادەی

بکات، بەڵکو دەبێت وا هەڵسوکەوت بکات رازییە لەسەر خواردنەکەو بێدەنگ بێت لەسەر ئەو شتانەی کە بەدڵی نییەو نایخوات.

(ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: "هەرگیز پێغەمبەر (ﷺ) نەبینیوە ڕەخنە لە خواردنێك بگرێت، ئەگەر بەدڵی بوایە دەیخوارد، ئەگەر نەشی خواردایە بێدەنگ دەبوو"[1].

(تەڵحەی کوڕی نافع) دەڵێت: گوێم لێبوو (جابری کوڕی عبداللە) وتی: "پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێك دەستی گرتمو بردمی بۆ ماڵ خۆیان، نانێکی بۆ هێنام وتم: ئەمە چییە لەسەر ئەم سفرەیە، فەرمووی: ئەمە تەنها سرکەیە، وتی سرکە باشترین پێخوارە، (جابر) گوتی لەوڕۆژەو کە پێغەمبەر (ﷺ) وتویەتی باشترین خورادنە حەزم لە سرکەیە، تەلحەش دەڵێت: لەو ڕۆژەوە جابر باسی سرکەی کردووە منیش حەزی لێدەکەم"[2].

شێوازی نان خواردن لەئیسلامدا سنورداره، نابێت لەسەر ئەم بنەمایە هەستی بەرامبەر نەخوێنینەوەو گوێی پێ نەدەین، چونکە ئەم یاسایە دیاری کراوەو مەبەستو هۆکارەکانیشی دیاری کراوە.

(عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە) (ر) دەفەرموێت: "من منداڵ بووم لە تەنیشت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووم خورادنێك لەبەردەممدا بوو، فەرمووی: کوڕم ناوی خوا

---

[1] - مسلم.

[2] - مسلم.

بهێنەو بە دەستی ڕاست بخۆو لە بەردەمی خۆتەوە دەست پێ بکە" (کەعبی کوڕی مالك) دەڵێت: "پێغەمبەر (ﷺ) بە سێ پەنجە نانی دەخوارد و پێش دەست سڕین پەنجەکانی دەلێسایەوە"[1].

ئیسلام ڕێگری کردووە لە خواردنی هەندێك خۆراك کە خاوەنەکەی توشی نارەحەتی بکاتو لە وەرگرتنی چێژ بێبەشی بکات، دەبینی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە خواردنی خورمایەك لەسەر شێوە ڕەسەنەکەی خۆی نەبێت دەستکاری کاریو فێڵی تیا کرابێت:

(جەبەلەی کوڕی سەحیم) دەڵێت: "ئیبنو زوبێر خورمای بۆ هێناین لەو ڕۆژەدا موسوڵمانەکان توشی ماندووبونو نارەحەتی بووبوون، ئیبنو عومەری بەلاماندا تێپەڕی وتی: هیچ تێکەڵ مەکەن، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە لە دوو دوو خواردنی خورما پێکەوە خورما مەگەر کەسێك ئەوە بە براکەی ڕابگەیەنێت، شوعبە دەڵێت: مانای ئەم وشەیەم نەدەزانی هەتا لە ئیبنو عومەرم بیست"[2].

ئاو خواردنەوەش وەك نان خواردن ڕێو شوێنی تایبەتی بۆ دیاری کراوە، لە سونەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بە جوانی ڕوون کراوەتەوە، دەبینی یاسای تایبەتی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی بتوانین چێژی لێ ببینین، ئاویش خۆی بۆ خۆی چێژی تایبەتی هەیە.

---

[1] - متفق علیه.

[2] - مسلم.

**(ئەبو قەتادە) دەفەرموێت: " پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردوە فووبکەین لە ناو پەرداخ"[1].**

**(ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: "پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە لە ئاو خواردنەوە لە گۆزەو کونە"[2].**

**(ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: " پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە لە فوکردنە لەناو پەرداخو هەناسەدان بەسەریدا"[3].**

**(ئەبو سەعیدی خودری) دەفەرموێت: "پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە فوکردن لە خوارنەوە، پیاوێك گوتی: ئەی ئەگەر شتێکم لە ئاوەکەدا بینی؟ فەرمووی: بیرێژە، کابرا گوتی: دەی من بە یەك هەناسە تێر ئاو دەبم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی لەکاتی هەناسەداندا دەفرەکە لە دەمت دوور بخەرەوە "[4].**

**ئەمە پەیامی پیرۆزی نەبەوییە پێش هەموو تیۆرییە پزیشکییەکان کەوتووە لەسەر بڵاوبونەوەی پەتاو، نەگواستنەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لەهەمانکاتدا باڵاترین پلەی چێژی خواردنەوە ڕوون دەکاتەوە، پەسەندترین ڕێگەی داناوە بۆ گرتنە بەری لەکاتی خواردنو خورادنەوەدا.**

---

[1] - مسلم.

[2] - متفق عليه.

[3] - الترمذي حسن وصحيح.

[4] - رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح.

# چێژبینین لە گەشتو گەڕانەوەدا

موسوڵمان هەموو کارێکی بە بەرنامەیە، وا پێویستکراوە لەسەری کە پابەندی هەموو بەها ڕەوشتییەکان بێت لە هەر بارودۆخو کاتو شوێنێکدابێت لە دانیشت، هەستان، هاتنی، ڕۆشتنی، دەبێت موسوڵمان خودای خۆی لەبیر نەکاتو شوێنو پێگەی خۆی بزانێت، کاتێك خۆی ئامادە دەکات بۆ سەفەر کردن، یەکێکە لەو بارو دۆخو کارانەی توشی موسوڵمان دەبێت، بۆیە دەبێت کاتێك سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبێت دەیەوێت بڕواتو، دەڵێت: ﴿سُبْحانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ * وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴾[1].

واتە: تا لەسەر پشتیان سەقامگیر ببن ، لە پاشا یادی نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بکەن و،و بیری خۆتانی بێننەوەو بەدڵ سوپاسی بکەن ، وبڵێن پاك و خاوێنە ئەو خوایەی کە ئەمەی بۆ ڕام کردووین، تا ئاوا ئێمە بتوانین سوودیان لێ وەرگرین ، و ئێمە دەسەڵاتی ڕامکردنیانمان نەبوو، ئێمە بێگومان هەر بۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە، دوای مردنمان.

ئەمە داننانە بە توانای خودای پەروەردگاریو، باڵادەستی ئەو بەسەر هەموو جوڵەو هەڵسانو دانیشتنی مرۆڤەکان.

---

[1] - سورة الزخرف: آية ١٣ – ١٤.

سەفەریش بەو مانایە دێت جێگەیەکی دوورو درێژبێتو ماندوێتی بەسەر جەستەدا بهێنێت، لە هەر کاتێکدا بێت مرۆڤ خۆی ئامادەکرد بۆ سەفەر باش وایە تەنها نەبێتو بەڵکو هاوسەفەری لەگەڵ بێت، بۆ ئەوەی برایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا پەرە بسێنێتو گەشە بکات، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ئازارو ماندوێتی سەفەر نەهێشتنی تەنهایی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ڕێبوارێك بە تەنها شەیتانێکە، دوو گەشتیار پێکەوە دوو شەیتانن، کە بوون بەسیان دەبنە کاروان)[١].

کاتێك موسوڵمان دەیەوێت سەفەر بکات خۆی ئامادە دەکات لە کاتی دەرچونیدا ئەم پاڕانەوەیە دەخوێنێ:

واتە: "خوایە بەنای تۆ دەست پێدەکەم هەر بە ناوی تۆ دەسوڕێمەوە، لە پشتی تۆ بەڕێ دەکەوم، خودایە داواکارم هەرچی چاکەو خێر هەیە بیهێنە ڕێو کارێك بکەم تۆ لێی ڕازی بیت، خودایە ئەم گەشتەمان لەسەر ئاسان بکەو دوورییەکانی نزیك بکەرەوە بۆمان، خودایە تۆ هاوڕێمی لەم گەشتەمدا،ماڵو منداڵم بە تۆ دەسپێرم، خودایە پەنات پێدەگرم لە ئاستەنگییەکانی سەفەر، دیمەنی ناپەسەندو خراپ گەڕانەوە)[٢].

---

[١] - رواه الترمذي.

مةبةستى فةرمودةكة ئةوة نيية كة مرؤظ بكاتة هاوتاى شةيتان، بةلَكو مةبةستى فةرمودةكة ئةوة مرؤظ لة تةنهاييدا ترسء دلَة راوكيَء خةيالَى خراثى شةيتانانة رِووى تيَدةكاتء ثرِكردنةوةى ئاسايىء ئامانجدار نيية. (وةرطيَرِ).

[٢] - النسائي.

ئەگەر ماڵ ئاوایی لە هاو ڕێگەکەی یان خانە خوێکەی کرد دەبێت بڵێت: " دەتسپێرم بەو خودایەی دین‌و سپاردەو دەرئەنجامی کارەکان‌و سپاردەکان نا فەوتێنێت "[1].

ڕێکخستن‌و پاك‌و خاوێنی و دەرکەوتنی بە دیمەنێکی جوان‌و پەسەند یەکێکی ترە لە چێژە باڵاکانی بانگەوازی ئیسلامی‌و ڕێنمونی کردنی خودای پەروەردگار، وەك دەفەرموێت: ﴿وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾[2].

واتە: هەروەها ئەسپ و ماین و هێسترو گوێدرێژی دروستکرد ، بۆ ئەوەی کاتێ ئێوە دەچن بۆ جێیەك سواریان ببن،بێ لەوەیش ببنە زینەت و جوانیی و جەماڵی دنیاتان! جاباشە خوایەکی دەسەڵاتدارو خاوەن نیعمەتێکی ئاوا شیاوی پەرستن نییەوناتوانێ مردووان زیندوو بکاتەوە؟.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) زۆر گرنگی دا وەبە هونەری گەشت‌و سەفەرکردن، بۆیە دەفەموێت: "کاتێك دەڕۆنە لای براکانتان با هەمیشە گەشتەکانتان بە ڕێکخراوی بێت‌و جل‌و بەرگ‌و پۆشاکی شایستە بپۆشن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو (شهامة)[3]

---

[1] - ابو داود.

[2] - سورة النحل: آية ٨.

[3] - لە بنەڕەتدا وشەی (شامة) بە خاڵێکی سثي لەناو ئارضەیەکی ڕەشدا، یاخود خاڵێکی ڕەش لەناو ئارضەیەکی سثیدا دەطوترێت، بەڵام لیَرەدا وشەی بەرضاومان بەطونجاو زاني. (وەرطێڕ).

دەربکەون لەناو خەڵکدا، بەڵام خراپەکارو رەوشت خراپ مەبن، چونکە خودا کارناپەسەندی خۆش ناوێت"[1].

ئیسلام وەك هەموو چێژ بینینەکانی دی لەسەفەریشدا جوانترین و ناوازەترین ڕەوشتەکانی گەڕانەوەی داناوە لە گەشتی مرۆڤی مسوڵماندا، مرۆڤی ئیماندار نابێت بە بێ ئاگادارکردنەوەو لە پڕێکداو بە شەوێکی درەنگ خۆی بکات بەماڵەوەدا، بەڵکو دەبێت پێشتر هەواڵی گەڕانەوەی بدات، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە هۆکاری ئاگادار کردنەوە زۆرن.

(جابری کوڕی عبدڵلا) دەفەرموێت: بەشەودا خۆتان مەکەن بە ماڵەکانتاندا، بۆ ئەوەی ماڵەوە بتوانن خۆیان ڕێکبخەن و ئامادەبن بۆ هاتنەوەتان.

چاودێری کردن و تاقی کردنەوەی خێزان بەبەردەوامی و شەوو ڕۆژ و خێزان بخەیتە کەشێکی دوو دڵی و بە کەم زانین، کارێکی نە ئاینییە نە مرۆییە.

(جابری کوڕی عبدڵلا) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕێگری کردووە لە پیاو بەشەودا بگەڕێتەوەو خۆی بکات بە ژووردا بۆ ئەوەی ناپاکیان ئاشکرابکات یاخود هەڵەکانیان چنگ کەوێت "[2].

---

[1] - احمد

[2] - مسلم.

# ئیسلامو کۆمەڵگە

## هەڵبژاردنی ناوی جوان بۆ منداڵ

لەو کاتەوەی مرۆڤ بیر لە نەوەیەك دەکاتەوە کە ناوەکەی هەڵبگرێتو بیپارێزێت، ئیسلام ئامانجی بەرزو ڕێگای نمونەیی بۆ داناوە تاوەکو بیانگرێتەبەر، ئیسلام هاتووە ئامانجێکی باڵاو ناوازەو بێ وێنەی داناوە بۆ ئەوەی بیگرێتەبەر بۆ گەیشتن پێیان، بۆیە دەبینی هەمیشە بانگەشە دەکات بۆ ئەوەی پەنابگریت بە خودا لە پیلانو فێڵەکانی شەیتان لێی، دەبینی لە سەرەتاوە پەنا دەگریت بە بەخودا و دەڵێت: (خودا خۆمو ئەوەی کە پێم دەبەخشیت بپارێزە لە شەیتان).

لێرەدا دەبینی ئیسلام هەر لە کۆرپەییوە ناوی خودای لەسەر دەبەیتو دەیسپێریت بەو، دواتر هەنگاوەکانی تری بۆ ئاسانتر دەکات.

قۆناغێکی تری منداڵ، پاش لە دایك بوونیەتی، چونکە منداڵ لە دایك دەبێت لەسەر باوکیەتی دڵخۆشی خۆی دەربکات بەشێوەیەك خەڵکانی دەوروبەری بەشادییەکەی بزانن وهەموو داوا نەفامیو ڕەوشتی بت پەرستی هەیە لەناوی بەرنو یاسا نەفامییەکان لە ڕەگەوە هەڵکێشن، دەبینی سونەتی پێغەمبەری خودایە (ﷺ) بانگ بدەین بە گوێی ڕاستیداو قامەت بدەین بەگوێی چەپیدا، بۆ ئەوەی گوێ بە پەیوەست بون بە بەرنامەی خودای گەورە پاراوبێت، دڵە زیندوەکەشی بە حەقیقەتی ئیمان بکرێتەوە، یەکەم شت دەفەرموێت: (الله اکبر الله اکبر)....

پاش ئەمە باوکەکە بەگەڕان‌و بیردایە بە دوای ناوێکدایە بۆ ئەوەی لەناو خەڵکدا دیاربێت‌و هەڵگری کەسایەتی خۆی بێت، بۆیە دەیەوێت ناوەکە شیاو بە کات‌و سەردەمی منداڵەکە بێت، دەبێت ئەو ناوە جێگای ڕەزامەندی منداڵەکەش بێت کە گەورەبوو.

عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا مداڵەکانیان بە ناوی نامۆوە ناو دەنا، چونکە سودو ئیلهامیان لە ژینگەی دژواری بیابانی دەروبەر وەردەگرن بۆ هەڵبژاردنی ناوەکان، شوێنی نیشتە جێبونیان سروشتێکی قورس‌و دژوار بوو، بۆ نمونە.. تاشەبەرد، بەرد، گوێبڕاو، قەلە ڕەش،،،هتد

لەهەمانکاتدا بەم ناوانەش ئاسودەبوون، شانازییان دەکرد بەناوەکانیانەوە، چونکە ئەوە بەشێك بوو لە ژیان‌و ناهەمواریيەکانی ڕۆژانەیان، هەرچەند خۆیان چێژیان لەو ململانێیەی ڕۆژگاری خۆیان وەردەرگرت.

ئیسلام بە پرشنگدارییو دادگەری لە ستەم‌و شەوی تاری ئەوان دەرکەوت، بە خوێندنەوەیەکی نوێوە هات‌و بانگەشەی چێژوەرگرتن‌و ستاتیکا (جوانناسی) کرد لە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ، هەتا وایکرد پیاو ناوی پەسەندو شیاو و شکۆدار هەڵبژێرێت بۆ منداڵەکانیان، ئەوەشی ڕوونکردوەتەوە بەچی شتێك پێی خۆشە بانگ بگرێت، دەبێت خۆشی بەو شێوەیە بانگی خەڵك بکات کە دەزانێت پێی خۆشحاڵ دەبێت.

(مەسروق) دەڵێت: گەیشتمە (عمر) گوتی: تۆکێی؟ وتم: مەسورقی کوڕی ئەحدەعم، فەرموی: لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە دەیفەرمو: ئەجدەع شەیتانە.

بۆیە دەبینی بەردەوام ئەم تێگەیشتنە نوێگەرییە گەشاوەیە لە دەرونی سافو پاکی پێغەمبەر (ﷺ) دەرچووەو ئەو مامۆستاو پێشەنگمان دەردەچێتو سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەرکاتێك ناوێکی نەشیاوی ببیستایە دەیگۆڕی بە ناوێکی پەسەندی دژی ئەو ناوەی پێشوی خۆی، بۆ نمونە: (حرب) شەڕی کرە (سلم) ئاشتی، ڕاکشاوی کردە چالاك، قورسی کردە ئاسان.

(ئیبنو عومەر) دەگێڕێتەوە کە (عومەری کوڕی خەتتاب) کچێکی هەبوو ناوی عاصیە بوو واتە: (سەرکەش)، پێغەمبەر (ﷺ) گۆڕی بۆ (جمیلە) واتە: جوان"[1].

ئەگەر تێبنی بکەین ئیسلام زۆر باسی ئەوە دەکات هەموو تاکێك کەسێتی تایبەتی خۆی هەبێت، سەرنج بدەیت دەردەکەوێت بە ئاسانی دەستی لە مرۆڤ بەرنەداوە بە بێ هۆشی لەناو تاریکیدا بژی، دەبینی یاسایەکی بۆ داناوە بۆ ئەوەی سەرکەوێت بەسەر کۆسپەکانی ڕێگاداو ڕزگاری ببێت لە پیسیو چەپەڵی دەرونو، تاوەکو بگات بە پاکێتیو ڕووناك بونەوەی دەرون، چونکە کاتێك دەرون پاك بویەوە ئەوکات جەستەش پاك دەبێتەوە، ئەم پاك بونەوەیەش بە چوار هەنگاو دەبێت: (پاکێتی ئاشکرا، پاکێتی پەنهانی، پاکێتی ڕوکەشو پاکێتی ناخ) بەم هەنگاوانەش ئەم ئاینە پاکە پێش هەموو تیۆریا پەروەدەییەکان کەوتووە، زانایانی دەورنناسی باسی ئەوە دەکەن: مرۆڤ کاتێك

---

[1] - مسلم.

ناوێکی ناوازە لە منداڵەکەی دەنێت هەست بە گەورەیی دەکات بە پێی ناوەکەی، لەناخیدا گەشە دەکات، بەڵام ئەگەر ناوەکە پەسەند نەبوو هەرکات بانگی بکەن لە ناخیدا هەست بە هەڵهاتن لە ناوەکەی دەکات.

ئیسلام ڕێنیشاندەری مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی بە بێ کێشە بژی، هەمیشە دەستی مرۆڤ دەگرێت و تاوەکو لەناو جەنجاڵی و ئاڵۆزی ژیان ڕزگاری بکات، بەڵام هەندێك لەمرۆڤەکان نایانەوێت دەست درێژ بکەن بۆ ئەو دەستەی ئیسلام.

چێژە باڵاکانی ئاینی ئیسلام لەگەڵ کارەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەژیو هەنگاو دەنێت، دەبینی هەر چێژێت بووەتە پایەیەك لە پایەکانی تاکی موسوڵمان، بۆیە ئیسلام لە هیچ وێستگەیەك لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ بێ دەنگ نییەو لە هەموو ساتێکد یاساو وتەی خۆی هەیە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ناو نانو فێکردنو بەخێوکردن ئەرکێکی هاوتەریبن لەسەر باوك، بۆ ئەوەی لەگەڵ پەروەردەکردنی دروستدا ناوێکی پەسەند هەڵبژێرێت ببێتە مایەی هەنگاو ناوی بۆ کاری چاکەو نمونەیەکی باڵا بۆ نەوەکانی پاش خۆی، زۆرجار بەهۆی ئەو ناوەوە مرۆڤ دەگاتە پلەو پایەیەکی زۆر باڵاو دیار.

# چێژ له دابینكردنی ماف له دراوسێیەتیدا:

دراوسێ هاڕێی ژینو هاوسەفەری ڕێگای دووری مرۆڤە بە هەموو باشیو خراپییەكانییەوە، هاوبەشی ژیانمانە، واقیعی ژیان ئەم ناوەی بەسەرتدا سەپاندووە، دراوسێ چەند جۆرێكی هەیە: یان خزمتەو بەهۆی پایەی خزمایەتییەوە مافی لەسەرت هەیە، یان بەهۆی هاودینیتەوە مافی هەیە، یان خزمایەتیو هاودینیت نییە تەنها لەبەر دراوسێیەتی مافی لەسەرت هەیە، ئیسلام وەك یەكێكی تر لە كایەكانی ژیان هاتووە مافی دراوسێی بۆ موسوڵمانان ڕوون كردوەتەوەو پێغەمبەر(ﷺ) زۆر ئاماژەی پێداوە.

دراوسێ لەڕوی جۆرو ڕیزبەندییەوە چەند پلەیەكی هەیە، هەندێ جار سێ مافی لەسەرتە (خزمایەتی، هاودینی، دراوسێیەتی) یان خزمت نەبێتو هاودینیشت نەبێت مافی دراوسێیەتی لەسەرتە، بۆیە لە هەر پلەیەكی ئەم ریزبەندییدا بێت، مافی بەسەرتەوە هەیەو دەبێت سەردانی بكەیتو هاو سۆزی بیت لە كاتی نەخۆشیدا، چاكەی لەگەڵ بكەیت، میهرەبانیو ڕێزی خۆتی بەسەردا بڕێژیت.

(جبریل) هێندە ئامۆژگاری پێغەمبەر (ﷺ) كردووە، پێغەمبەر (ﷺ) وای گومان بردووە كە دراوسێ میراتی لە دراوسێ دەبات، ئەو ئامۆژگاریانەی لەسەر پێشكەشكردنی هەڵسووكەوتی تەنها لەسەر هاوكاری كردنی مادیو پێدانی خۆراكو پێداویستی نییە، بەڵكو لە نواندنی چاكەو ڕێزو مامەڵەی شایستەو پەسەند بەرامبەر دراوسێو

چاوپۆشی کردن لە خراپەکانی و ئارامگرتن لەسەریان بەشێکە لەو مافو ئەرکانەی دراوسێ لەسەر دراوسێ، با ئەو کەسە کەسێکی زۆر نا پەسەندو خراپیش بێت.

لەم بوارە کۆمەڵایەتییەدا ئیسلام لەناو هەموو ئاینو بیرو باوەڕەکاندا هەڵاوێرەو تاکە (استثناء)ە ئەم بوارە فراوانەی مرڤایەتی پشتگوێ نەخستووەو تەنها لە ئیسلامدا گرنگی زۆری پێدراوە، چونکە هەندێك لەگەلان هەیە بە هیچ شێوەیەك بەشداری ناکات لە خۆشیو ناخۆشییەکانی دراوسێکەی، هیچ کات دەستباری دراوسێ نابێت، گوێ لە خەمەکانی ناگرێت.

پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی مرڤایەتی بەرەو لێواری لێکترازان دەچێت، کاتێك خەڵك ببێت بەمرۆڤێکی ڕۆبۆتو ژیانی سروشتی خۆی لەبیر بچێتەوە و تێکەڵ بە ئەلیکترۆنیات ببێت، ژیانی سۆزداریو چاکەو میهرەبایو کۆمەڵایەتی بونی فەرامۆش بکات... ئیسلام لێرەدا بێدەنگی هەڵنابژێرێتو گوێ لەم خەمە گەورەی مرۆڤ نەگرێت، بۆیە هەڵوەستەی خۆی هەیە، ئەوەتا لەکاتی نوێژی بەکۆمەڵدا ئەگەر یەکێك لە دانیشتوانی کۆڵانو نزیکەکانی ئەو مزگەوتە دیار نەبێت بەبێ وەستان دەست دەکەن بە سۆراغ کردنیو هەواڵ پرسینی، بۆ ئەوەی ئەگەر نەخۆش کەوتبوو سەردانی بکەن ئەگەر کێشەیەکی هەبێت هەوڵی چارەسە کردنی بدەن، ئەمەش یەکێکی ترە لە چێژەکانی دراوسێو دراوسێیەتیو کۆ بونەوەی موسوڵمانان.

# چێژ له وەرگرتنی میانڕەوی هەڵسوکەوتی پەسەندا:

لەنێوان خەڵکیدا پەیوەندی بەخشینو وەرگرتن هەیە، بۆ ئەوەی کاروباری ژیان دامەزواوبێت، چونکە کەشتی ژیانی مرۆڤ بە ئەستەمی بەڕێوە دەچێت ئەگەر ئەم دوو هەنگاوە نەنرێت، بۆیە هەموو کارە ناهەموارو گرانەکان زۆر سادەو ئاسان دەبێت بەهۆی ئەم دوو هۆکارەوە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە: دین بریتییە لە مامەڵەو هەڵسوکەوتی جوان، چونکە بەهۆی هەڵسوکەوتی باشەوە کاری مرۆڤەکان بەڕێوە دەچێتو بەختەوەر دەبن، پەرستشوبەندایەتی باش ئەوەیە کە دەرونت پاك دەکاتەوەوە سروشتی مرۆڤەکان لەسەر کار پەسەندو گونجاو گەشە پێدەداو دەبێتە بەشێك لە ڕەوشتی ڕۆژانەی مرۆڤ.

یەکەم هەنگاوی مامەڵەی پەسەند، میانڕەویو نەرمو نیانییە لەکارو کردراو وتەی مرۆڤی موسوڵماندا، کە دەبێت بکرێت بە توخمێکی بنەڕەتیو سەرەکی لە ناخی مرۆڤدا، بۆ ئەوەی دڵ فراوان بکاتو پاکی دەرونو جوانی ناخ بگەشێنێتەوە.

دایکی بڕواداران خاتوو (عائیشە) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "میانڕەوی لە هەر کارێکدا بێت جوانی دەکات لە هەرکارێکدا نەبێت لەکەدارو ناشرینی دەکات)[1].

---

[1] - مسلم.

میانڕەوی و ئاسانكاری دوو بنەمای گرنگن بۆ بەدەستهێنانی نازو خۆشییەكانی بەهەشتو، دوور كەوتنەوە لە دۆزەخ بونی ژیانی مرۆڤ لە دنیاو دواڕۆژ، بۆیە پاداشتو خەڵاتی خودای پەروەردگار بۆ ئەو كەسەیە ئەم دوو تایبەتمەندییەی تیادا گەشە بكاتو خوداش پاداشتی چاكە بەبچاكە دەداتەوە، چونكە خودا لەسەر بنەمای سۆزو دادگەری لێ پرسینەوە لە مرۆڤەكان دەكات.

(ئیبنو مەسعود) لە پێغەمبەروە (ﷺ) دەگێڕێتەوە، كە فەرمویەتی: "ئایا هەواڵتان بدەمێ بەوەی كێ لە دۆزەخ دوورە؟ دۆزەخ قەدەغەكراوە لەسەر هەموو كەسێكی نەرمو نیانو مامەڵە ئاسان" ئەوكەسەی كە میانڕەوو لەسەر خۆیەو كارەكانی لەبەر ئاسانە ئاگری دۆزەخ لەسەری حەرامە)[1].

ئیسلام هێندە گرنگی داوە بە میانڕەوی‌و كاری لەسەر دەكات، دەردەكەوێت بۆت هەموو كۆبونەوەیەك لەسەر نەرمو نیانی‌و میانڕەوی بەچاكەو ئاسایی بەڕێوە دەچێتو كۆتایی پێ دێت.

(جەریر) لە پێغەمبەروە (ﷺ) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: (هەركەس میانڕەو نەبێت بێبەشە لە هەموو چاكەیە)[2].

---

١ - الترمذي.

٢ - مسلم.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر گرنگی داوە بە میانڕەوی، چونکە لە قوتابخانەی خوداو بەرنامەی قورئانی پیرۆوزەو ئەم ڕەوشتەی وەرگرتوەو لێی سودمەند بووە، ئەوەتا خودا پەرووەردگار دەفەرمویێت: ﴿وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ﴾[1].

واتە: خۆ ئەگەر ئینسانێکی توندخوو بوویتایە بڵاوەیان لێ ئەکردو لێت دوور ئەکەوتنەوەو ئەڕۆیشتن بەملاولادا.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئیسلام بە ئەرکی داناوە لەسەر موسوڵمان ئەوەیە نابێت لەوەی کە ویستیانەو دەیانەوێت ئازاری خەڵکی پێبدەن و بە خوی توند بەرامبەر خەڵك بدوێت، وەك ئەوەی لە مامەڵەکاندا پێش بڕکێی ناپەسەند بکەن بەرامبەر بە یەك، چونکە ئەم کارە قێزەونە دوورە لە بەهای برایەتو پاکبونەوەی ئیسلامی، نابێت وا لە بڕوادار بکات، هاتوە زۆر پەیوەندییەکەی بچوك کردوەتەوە، دەڵێت: نابێت تەنانەت داوای کچێك بکات کە دەزانی پێشتر داواکراوە، یان مامەڵە بکەیت بەسەر مامەڵەی کەسێکدا کە دەیەوێت شتێك بکڕێت، عبداللە ی کوڕی شەماسە لە (عوقبەی کوڕی عامر)ەوە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەمویەتی: "موسوڵمان برای موسوڵمانە، دروست نییە وسوڵمان مامەڵە بەسەر مامەڵەی براکەیدا بکات، وەنابێت داوای کچێك بکات کوڕێکی دی خەریکی داواکردنییەتی هەتا وازی لێ دەهێنێت"(٢).

---

[1] - سورة آل عمران: آية ١٥٩.

[2] - مسلم.

بەم وردییە ئیسلام هاتووە باسی هەڵسوکەوتەکانمان دەکات لە هەموو هەنگاوەکانماندا، دەیەوێت مامەڵەی جوانو ڕەوشتی پەسەند سەرچاوە ژیانی تاکی موسوڵمان بەڕێوە بەرێت، بۆ ئەوەی بەندەکان ببنە جێگەی ڕەزامەندی پەروەردگار، (ئەبوزەڕی جندبی کوڕی جونادە) لە (ئەبو عبدالرحمن معازی کوڕی جەبەل) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمویەتی: " لەهەرجێگەو کاتێکدا بویت خودات لە بیربێت، بە کردنی کاری چاك کارە خراپەکانت بسڕەوە، بە ڕەوشتێکی زۆر جوانو بەرز مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ بکە"(١).

چێژ بینین لە دژایەتیکردندا:

ئیسلام هاتووە بۆ دژایەتی کردنو ململانێی ناپەسەندیش یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی بۆ داناوە، دروست نییە بۆ مرۆڤی موسوڵمان ئەو سنورە ببەزێنێت، چونکە پێغەمبەری خودا (ص) دەفەرموێت: (ئەگەر کەسێکتان کوشت با بە جوانترین شێوە بی کوژێت)(٢).

لە سۆنگەی ئەم یاسایەوە نابێت ڕوخساو جەستەی کوژراو بشێوێنیتو نواندنی پێ بکەیت، یان دەستو لاقی ببڕیت دوای مردنی، چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) نەهی کردووە لەو جۆرە کارانە، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری بەو پەڕی چێژ وەرگرتنی بەکار هێناوە لە ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی مرۆڤ، ئەم ئامۆژگارییە پڕ میهرەبانیو ئاماژەی

---

[1] - الترمذي، حديث حسن.

[2] - دیارة لة کاتی خوێن بةخوێنء تۆلة سةندنةوةی کوذراودا ئةم یاسایة هةیة.

مرۆڤایەتی لەکاتی بەرپابوونی شەڕ لەنێوان موسوڵمانانو نا موسوڵمانان، ئەی ئەبێت ئەم میهرەبانییەی لەکاتی بیرو بۆچونی موسوڵمانانو مەزهەبەکان لە مەڕ بابەتێکی فیقهی یان ئیجتیهادێکی شەرعی چەند بچوكو بێ توندو تیژی بێت؟؟؟!! یان دەبێت چەند میانڕەوتربێت لەکاتێکدا کە موسوڵمانان خاوەنی ئەم بەها باڵانەبن ئەوکاتە بە پیادەگردنی ڕەوشتی دادگەریو میهرەبانی دەگەڕێنەوە بۆ لای ڕاستی، جا ئیتر لای هەرکام لەو دوولایەبێت، وەك خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾(١).

واتە: ڕقو قینتان لە کافرەکان واتان لێ نەکات بە ناڕاستیو ناعادلانە بجووڵێنەوە لەگەڵیانو دەسدرێژییان لێ بکەن: دادپەروەرو حەق کرداربن، دادو ڕاستی نزیکترتان ئەکاتەوە لە گوناه نەکردنو لە خوداترسان.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: "یەکێك لە نیشانەکانی دوو ڕوو ئەوەیە کە ململانێی کەسێکی کرد، لە سنور دەردەچێت لەخراپە کردن لەگەڵیدا"(٢). درۆکردن خراپترین ڕەوشتی بێزراوە لەم بابەتەدا کە یەکانگیر نایەتەوە لەگەڵ چێژی باڵاو ڕەوشتی موسوڵماندا، چونکە لە کانگای دوو ڕوویی هەڵدەقوڵێت، دوو ڕوویش خاوەنەکەی بەرەو دۆزەخو تیاچوون دەبات.

چێژ وەرگرتن لە سەردانیکردنو مۆڵەت خواستن:

---

١ - سورة المائدة: آية ٨.

٢ -

ئیسلام زۆر گرنگی به کات دەدات و، پێداگری دەکات لەسەر ڕێکخستنی کاتو کارەکانیو ، خودای پەروەردگار لێپرسینەوەی له تێپەڕاندنی سات بەساتی مرۆڤەکان دەکات.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: " قاچی مرۆڤی موسوڵمان ناوجوڵێت هەتا چوار پرسیاری لێنەکرێت: " پرسیار له تەمەنی دەکرێت له چیدا بردویەتییه سەر، وه زانستەکەی له چیدا بەکاری هێنا، وه ماڵەکەی چۆن پەیدای کردوو چۆن بەکاری هێناوه، وه پرسیار له جەستەشی دەکرێت له چیدا بەکاری هێنا"(١).

ئیسلام زۆر جەخت دەکاتەوه لەسەر پەیوەندی دۆستایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگەی داناوه، سەردانی کردن دەبێته هۆی بڵاو بونەوەی خۆشەویستی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانو بەهێزبونیان، تا دەگاته پلەیەك ڕۆژی قیامەت خودای پەروەردگار له ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: (کوان ئەوانەی لەبەر من یەکتریان خۆشدەویست، لەکوێن ئەوانەی لەبەر من برایەتی یەکتریان دەکرد؟ بۆ ئەوەی لەسەر کورسی نورین دایان بنێم).

بۆ سوود وەرگرتن له کاتو بڕوا پێهێنان به بەرهەم هێنانی خۆشەویستیو بونیاتنانی لەسەر بنەمایەکی بەهێزو بناغەیەکی پتەو، ئیسلام زۆر داوای مۆڵەت خواستن دەکات پێش سەردانی کردنی کردن وەك خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتاً غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ

---

١ - ترمذي.

لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ * فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَداً فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾(١).

واته: ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەر! (ﷺ) مەڕۆنە ناو خانووی غەیری خانووی نیشتەنیی خۆتان تا پرس بەوانە ئەکەن لەو خانوەدا ئەژین و ڕێگاتان ئەدەن و ئێوەیش سەلام لە دانیشتووانی ناوماڵەکە ئەکەن، ئەوە بۆ ئێوە چاکترە، ئەم پەندەتان دائەدەین، بەڵکو ئێوەیش بیربکەنەوەو ئەوەتان بیر بکەوێتەوە کە ئەبێ چۆن بکەن، جا ئەگەر کەستان وەگیر نەکەوت لە ماڵەکەدا، لەخۆتانەوە مەڕۆنە ناوی تا ڕێگاتان ئەدرێ و ئەگەر ڕێگایان نەدان و وتیان بگەڕێنەوە بگەڕێنە دواوە، ئەو گەڕانەوەیە پاکترە بۆتان و بێگەردترە لەوەی لەخۆتانەوە بێ پرس بچنە ژوورەوەو هەرچییش بکەن خوا پێتان ئەزانێ و لێی ون نابێ. ئەگەر مۆڵەتی درابە چوونە ژوورەوە بۆ ئەوە دەتوانێت بڕوات، ئەگەر نا ئەوە دەبێت بگەڕێتەوە، سەردانی کردنەکە هەڵگرێت بۆ کاتی گونجاوی خۆی، بۆ ئەوەی کاتی خۆیو خەڵکانی تر بە فیڕۆ نەدات هەردوولا بتوانن سود لەو کاتەی خۆیان وەربگرن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: "ئەگەر کەسێك سێ جار داوای مۆڵەت خواستنی وەرگرت مۆڵەتیان نەدا با بگەڕێتەوە"(٢).

---

١ - سورة النور: آية ٢٧ — ٢٨.

٢ - رواه شيخان.

یەکێك لە ڕەوشتەکانی مۆڵەت خواستن ئەوەیە ئەگەر وتیان کێی دەبێت زانیاری تەواو لەسەر خۆی بدات، نابێت بڵێت: (خۆمانین) چونکە ئەمە گومان دروست دەکاتو ڕاستی تۆ نادیار دەبێت لەم نێوەندەدا، بۆیە ئەم وەڵامە کارێکی لێك تێگەیشتنی تیا نییە.

(جابری کوڕی عبدالله) دەفەرموێت: ڕۆشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) داوای مۆڵەتم لێکرد، وتی: کێیت؟ وتم: منم (خۆمانین)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: من، من، لەگێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: بێزار بوو لەو وشە"(١).

یەکێکی تر لە ئادابەکانی سەردانی کردن ئەوەیە موسوڵمان قسەیەکی بەسوود بکاتو هەمیشە هەوڵبدات ئەو بابەتانە باس بکات کە دەبێتە مایەیی لێك تێگەیشتنو خۆشەویستی نێوان خۆیو خانە خوێکەی، دەبێت دوور بکەوێتەوە لە هەر باسێك کە دەزانێت دەبێتە هۆی ململانێو دڵ لەکە پێگرتنو یەکتر شکاندن.

(ئەبو دەردا) دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: ئایا کارێکتان پێ بڵێم لە ڕۆژو و نوێژو بەخشین پلەو پایەی بالاتربێت؟ وتمان: بەڵێ، فەرمووی: ئاشتەوایی لە نێوان خەڵکدا بکەن، لابردنی خراپەو گەندەڵی لە نێوان خەڵکدا بەرپابکەن، چونکە خراپە بەرەکەتی خۆشەویستیو چاکەو دین لەناودەبات.

---

[1] - بخاری مسلم، ابوداود.

یەکێکی دی لە هەڵوێستە چێژ بەخشەکانی مرۆڤ لەکاتی سەردانی کردندا سەردانی کردنی نەخۆش‌و دڵنەوایی کردنیەتی، چونکە بەهۆی سەرلێدانی نارەحەت‌و بێ بێ هیواییەکان کەم دەبێتەوە،و لەناو دڵی نەخۆشدا جۆرێك لە دڵنەوایی‌و لابردنی گەردی هەست کردن بە بێ کەسی‌و پەیدا بونی هاوسۆزی دروست دەبێت، بەتایبەت نەخۆش هاوسۆزی‌و خۆشەویستی لە ناو دڵی برا موسوڵمانەکانی دەبینێت، بەهۆی ئەم پابەند بونەی موسوڵمانان بە دینەوە ئەو بەها باڵایە دەست دەکەوێت.

دەبێت ئەم سەردانی کردنە درێژە نەکێشێت‌و ببین بە بارێکی گران بەسەر نەخۆشەوە، وە نابێت وشە گەلێك بەکار بهێنین ببێتە هۆی دابەزینی ورەو ڕوخانی لایەنی دەرونی نەخۆش، چونکە قسەکانمان جێگەی خۆی دەگرێت لای نەخۆش‌و جێگەی تایبەتی هەیە لەو کاتە هەستیارەدا، پێویستە ئەو قسانە بکەین دەبێتە هۆی بەهێز بونی لایەنی دەرونی، بەهۆی ئەوەی ئەو قسانەمان کاری بکاتە سەر بیرو هزری نەخۆش‌و لە ئەنجامدا ببێتە مایەی شیفا پێ بەخشینی.

لێرەشدا دیسان ئیسلام پێش هەموو تیۆریا پزیشکییەکان کەوتووە، ئەویش بەسەردانی کردنی کورت‌و بێدەنگ لای و بەرزکردنەوەی لایەنی دەرونی نەخۆش، و وتنی قسەی سوود بەخش‌و باش بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لابردن‌و نەمانی ئازارەکانی‌و شیفا بەخشین پێی.

(ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: "موسوڵمان پێنج مافی هەیە لەسەر موسوڵمان: وەڵامدانەوەی سەلامەکەی، وەڵامدانەوەی پژمینەکەی، وەڵام

دانەوەی بانگهێشتەکانی، سەردانی کردنی نەخۆشیەکانی، شوێن کەوتنی مردووەکانیان"(١)

ئیسلام زۆر باس سەردانی کردنی نەخۆشی کردووە، ئەم کارەی وەك ئەرکێکی شەرعی لەسەر موسوڵمان داناوە، سەوبان دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: " کاتێك موسوڵمان سەر لە برا موسوڵمانەکەی دەدات وەك ئەوە وایە بۆ جێگەیەکی بەهەشت بڕوات"

پێغەمبەر (ﷺ) باسی پاداشتێکی زۆر دەکات بۆ سەردانی نەخۆشو بەسەرکردنەوەی دەردەداران، بۆیە دەبێتە مایەی ڕازی بونی پەروەردگار لە بەندەکانی، (سەوبان) دەڵێت" پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "مسوڵمان کاتێك سەردانی براکەی دەکات بەدرێژایی ماوە سەردانەکەی لەناو باخو بێستانی بەهەشتدایە".

(ئەبو هورەیرە) دەگێڕێتەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: خودای پەروەردگار لە قیامەتدا دەفەرموێت: ئەی بەندەکەم نەخۆش کەوتم سەردانت نەکردم؟! دەڵێن: خودایە چۆن نەخۆش دەکەویت سەردانت بکەین تۆ خودای جیهانیانیت؟! دەفەرموێت: ئایا نازانی فلان بەندەم نەخۆش کەوت سەردانیت نەکرد؟ ئایا نازانیت ئەگەر بهاتیتایە سەردانیت بکردایە منیش لەوێ دەبووم"(٢).

---

١ - مسلم.

٢ - مسلم.

ئەگەر سەردانی کردنی نەخۆش تەنها لە پێناوی خودای پەروەردگاربێت و، بۆ مەبەستی بلاو بونەوەی خۆشەویستیو برایەتی بێت لەنێوان کۆمەڵگەدا پلەیەکی بالاو چێژێکی زۆر ناوازە دەبێتە بەشی مرۆڤی موسوڵمان، بە پێی ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: " پیاوێك سەردان برایەکی دەکرد لەگوندێکی جگە لە گوندەکەی خۆی، خودا فریشتەیەکی لەسەر شێوەی مرۆڤ ناردە سەر ڕێگەکەی، کاتێك گەشت پێی، وتی: بۆ کویێ دەڕۆیت؟ وتی: سەردانی برایەکم دەکەم لەو گوندە، وتی: ئایا ئەو بەخشینێك یان شتێکی بەسەرتەوە هەیە سەردانی بکەیتو پاداشتی بدەیتەوە؟ وتی: نەخێر، تەنها لە پێناوی خودا خۆشم دەوێت، فریشتەکە وتی: من نێردراوی خودام بۆلای تۆ، هاتووم پێت بلێت خودا خۆشی دەوێیت، چونکە لەبەر خاتری خودا ئەوت خۆشدەوێت"(١).

بۆ ڕەچاوکردنی سەردانی کردنو گرنگیدان بە کات لای موسوڵمانان، ئاینی ئیسلام چەند کاتێکی دیاری کردووە بۆ پشودانی جەستەییو حەوانەوەی دەرونی مرۆڤ، نابێت مرۆڤ لەو کاتانەدا سەردانی بکات، چونکە ئەو کاتانە بۆ پشودانە، ئەو کاتانەش: پێش نوێژی بەیانی، یان پێش نوێژی نیوەڕۆ، یاخود کاتی نوستنی لە شەودا، لەبەر ئەوەی ئەو کاتانە بۆ پشوودان پێویستنو نابێت ئەم سنورانە ببەزێنرێت.

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ

---

١ - مسلم.

الْعِشَاء ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾(١).

واتە: با ئەوکەسانەی موڵکی ئێوەن واتە: بەندەی ئێوەن و ئەوانەی نەگەیشتوونەتە قۆناغی شەیتانی بوون و باڵغ نەبوون ئەگەر ویستیان بێنە ژوورەوە بۆ ناو ماڵ بۆلاتان لە سێ کاتدا تەقە بدەن لە دەرگاو پرستان پێبکەن و لەو سێ کاتەدا بێ پرس پێکردن و ڕێگادانیان نەیەنە ژوورەوە نەوەك ئێوە ڕووت بن و لەگەڵ خێزانی خۆتاندا ڕاکشابن بەر لە نوێژی بەیانی و نیوەڕوان کە جلتان دائەکەنن و لە ماڵا ئیسراحەت ئەکەن، دوای نوێژی عیشا کاتێ ئێوە، پاش ئەم کاتانە ئەگەر هەندێکتان هاتوچۆی لای هەندێکتان بکەن نە بۆ ئێوە گوناهەو نە بۆ ئەوان، لەو کاتەی تردا هەندێکتان دێن بۆلای هەندێکتان، خوا بەم جۆرە ئایەتی خۆیتان بۆ ڕوون ئەکاتەوەو خوا زاناو خاوەن حیکمەتە.

[1] - سورة النور: آية ٥٨.

## چێژ بینین لە ژیانی تەندروستی لە ئیسلامدا:

هەموو ڕێبازو هێڵکارییەکانی ئیسلام پارستنی لەش ساغیو تەندروستی مرۆڤە، چونکە ئیسلام بانگەواز بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی لەش ساغو تەندروست دەکات، لە هەموو لایەنەکانی مەعنەویو مادییەوە، ئەگەر بەوردی سەیری بانگەوازی ئیسلامی بکەین دەبینین زۆر گرنگی داوە بە ڕۆشنبیری تەندروستی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

ئیسلام زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر پاكو خاوێنی، چونکە ئەم دینە دینی بانگەشەی پاکیو پاك بونەوەیە، پاك بونیش سەرچاوەو بنەمای تەندروستی مرۆڤە، پارێزگاری لە لەناوچونی مرۆڤایەتی دەکات، ئەگەر ئێمە دەست نوێژ وەك نمونە وەربگرین، دەبینین خودای پەروەردگار فەرمانێکمان پێدەکاتو ئێمەش وەڵامی فەرمانەکەی دەدەینەوە بە دەستنوێژ گرتن بۆ بەهێز بونی تەندروستی تاکەکانە، لە هەمان کاتدا ئیسلام وەسیەتی کردووە بۆ خورادنی تەندروستو دوورگرتن لە بەکارهێنانو زیادە ڕەوی لە خورادندا، چونکە زیادەڕۆیی جۆرێکە لە زیانگەیاندی هێدی لە سەر لەناوچونی مرۆڤ، موسوڵمان کاتێك گرنگی دا بە پاك خاوێنی خواردنو خواردنەوەو دوور گرتن لە چڵێسیو زۆر خۆیی بەکار دەهێنێت، ئەم دوو خاڵەش دوو بنەمان لە ڕۆشنبیری تەندروستی ژیانی تیابەتیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئیسلامی.

ئێسلام هانی شوێنکەوتوانی دەدا دوور بکەونەوە لەو ێگەی نەخۆشی تیادا بڵاو دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پەتا نەخۆشیە زیاد نەبێتو بڵاوتر نەبێتەوە، لەفەرمودەی

پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە دەفەرموێت: "چۆن لە ترسی شێرێك ڕادەكەیت ئاواش لە نەخۆشی گەڕی ڕابكە"(١).

ئەمە وێناكردنێكی زۆر جوانو سەرنجراكێشە بۆ ئەوەی لە نەخۆشیو پەتا دوور بكەوینەوە، لێرەدا باسی دیمەنێكی زۆر جوانكراوە بۆ ئەوەی ترس بەسەر موسوڵمانانەدا زاڵ نەبێت وە نابێت بێباكیش بێت بەسەرماندا، بۆیە دەبێت هاوسەنگیی بپارێزین لەنێوان هەردوو لایەنەكەدا، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: "نەخۆشی تەنینەوەو شومی نوێنان نییە"(٢).

واتا پێویستە خۆت توشی دوو دڵیو قەلەق بوون نەكەیت كاتێت نەخۆشێكت بین لەشوێنێك یان لە كۆڕێكدا.

لەناوازەترین هەڵوەستەكانی ئیسلام لە ڕۆشنبیری تەندروستیدا مانەوەیی كەسی تووشبووە لە جێگەی خۆیدا، واتا: ئەو كەسەی كە توشی نەخۆشی بووە نابێت لە جێگەی خۆی بجوڵێتو لەشارەكەی خۆی بڕوات بۆ شارێكی دی، بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشییە كورت بكرێتەوەو سنوردار بكرێت لە جێگەیەكدا، وەك ئەوەی كاتێك (عەمواس) توشی پەتا بوون، پێغەمبەر (ﷺ) بەڵێنی داوە بەوانەی كە توشی تاعون بوون لە جێگەی خۆیان بمێننەوە بمرن پلەو پایەی شەهیدیان بۆ هەیە، ئەگەر

[1] - بخاري.
[2] - مسلم.

لەشارەکەی خۆیان بمێننەوە بۆ ئەوەی ئەو کارە سنوردار بکرێتو ئەو پەتایە بنەبڕ بکرێت لە جیاتی بڵاو بونەوەی.

خاتو (عائیشە) دەگێڕێتەوە لەسەر پەتا پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، فەرموی: ئازارێکە توشی مرۆڤ دەبێت، خودا دەیکاتە بەرەحمەت بۆ موسوڵمان، ئەگەر بەندەیەکی خودا توشی پەتا بوو لە شارەکەی خۆیدا مایەوەو زانی هیچ شتێك توشی موسوڵمان نابێت مەگەر خودا خۆی لەسەری نوسیوە، ئەوە پلەو پایەی شەهیدیو پاداشتی نەبڕاوەی دەدرێتەوە، ئەم کارەشی بۆ ئەوەبو کە نەڕۆشت بۆ شارێکی تر بۆ ئەوەی ئازاری خەڵکی تر نەداتو خەڵکی ئەو شارە توشی ئەم نەخۆشییە نەبن....

یاسای شەڕکردن لە ئیسلامدا

لەسەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤایەتییەوە شەڕو ئاژاوە بەردەوامەو بەرپابووە، جەنگێك تەواو نابێت جەنگێکی دی و بەناوێکی نوێوە دەست پێدەکات، جیاوازییەك نییە جەنگی جیهانی بێت، یان جەنگی ناوچەیی، هەر جۆرێکیان بێت وێرانەو کاولکاری دەست پێدەکاتو لەناو وڵاتان بڵاو دەبێتەوە، بۆیە لە هەموو کارەکانی مرۆڤدا بنەمای ئیشکردن ئاشتییە، جەنگ حاڵەتێکی هەڵاوێرە (استثناء)ە بۆیە جەنگ پێویستی بە ئاراستەکردنو چاودێری هەیە بۆ ئەوەی سنورەکانی مرۆڤایەتی تێ نەپەڕێنرێتو بە پێی یاسا بێت، ئەو جەنگانەی لە ڕوانگەی لوت بەرزیو لە خۆ بایی بونو یاخی بونەوە هەڵدەگیرسێت بۆ ئەوەی ئەو پیلانانەی لە خەیاڵو بیریاندا هەیە بیهێننە دیو جێبەجێی بکەن، ئەم جەنگانە لە ئیسلامدا حەرام کراوەو ڕێگەی پێ

نادرێت، کاتێك کە (خالدی کوڕی وەلید) لەسەرپەرشتی کردنی (شام) لابرا وتی: من لە پێناو (عومەر) شەڕناکەم، بەڵکو لە پێناو خودای (عومەر) دەجەنگم.

جەنگی داگیرکاری وڵاتە زلهێزەکان هەمیشە بۆ بردنی خێرو بێو داهاتی ئەو وڵاتە بووە، ئەو جەنگە ئەو جەنگانە نییە کە ئیسلام باسی دەکاتو یاسای بۆ داناوە، ئەو جەنگانەی دی هەموو سەروەتو سامانی وڵات دەخرێتە بەرژەوەندی، بەڵام ئیسلام ئەگەر پارەیەك زیاد بوو دەیخەینە (بیتو مال)و دەخرێتە سەر سامانی گشتی، هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامی سودی لێوەردەگرن، بە هاوبەشی دادگەری دابەش دەکرێت بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەو جەنگانەی کە ئەمڕۆ بەپابووە بۆ ساغکردنەوەی کاڵا سەربازیو بەهێز کردنی ئابوری وڵاتە زلهێزەکاە، ئەم جۆرە شەڕانە سودو قازانجی تەنها بۆ داگیرکارانە، ئەم جەنگانە ئەوە نییە کە ئیسلام ئاماژەی پێداوە، بەڵکو ئەو جۆرەی کە ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکات بەختەوەریو دادگەری بۆ وڵاتان دەباتو میللەتان لە ستەمو زۆرداری ڕزگاردەکات، بەهۆی گرتنە بەری ڕەوشتی دادگەری بەختەوەریو مامەڵەی شیاو لەناو گەلەکاندا بڵاو دەکاتەوە، دەستی سەم کاریو گەندەڵی دەبڕێتو دەس پاکیو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بڵاو دەکاتەوە... بەڵام ئەگەر ستەمکاران ڕێگە بگرن لە گرتنە بەری خۆشیو شادی بۆ وڵاتان، ئەو کات ئیسلام هەموو ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی دەستی ستەم کار بگرێتو خۆی لە جێگەی

فەرمان ڕەوای بکات، ئەگەر گەل ڕزگاری بوو لە ستەمی ستەم کاران ئەو کات خەڵك بە برایەتیو خۆشی دەژین، چونکە دروشمی هەمووومان دەڵێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾(١).

واتە: لەڕاستیدا ئیمانداران هەر برای یەکن.

یان هیچ کەس ئیمانداری تەواو نییە مەگەر ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشبێت بۆ براکەشی پێی خۆشبێت)(٢).

ئەگەر موسوڵمان سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بەختەوەری بۆ خەڵك فەراهەم دەهێنێت، ئەگەر بشکوژرێت بە شەهید دادەنرێت، ئەوکات بە بەهەشتی نەبڕاوە شاد دەبێت، خودای پەروەردگار بەڵێنی داوە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بدات بە ئیمانداران.

(ئەبو موسای کوڕی عبداللە ی ئەشعەری) دەفەرموێت: "پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر پیاوێك بە ئازایەتی و گڕوتین دەجەنگا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هەرکەس تێبکۆشێت بۆ ئەوەی ناوی خودا بەرقەراربێت ئەوە لە پێناو خودا شەهید بووە"(٣).

چێژی ئارام گرتن لە ئیسلامدا:

---

١ - سورة الحجرات: آية ١٠.

٢ - بخاري و مسلم.

٣ - متفق عليه.

ئەگەر وا تێبگەین ئارام گرتن واتا بێدەنگ بوون لە بەرامبەر ستەم ئەوە بە هەڵە لەو چەمکە گرنگە تێگەیشتووین، یاخود هەندێك وا گومان دەبەن قبولّ کردنی کردەوەی خراپو هەڵسوکەوتی خراپو چەوت ئەوە ئارام گرتنە، بەڵام لە ڕاستیدا ئارام گرتن قوتابخانەیەکی مەزنی ئەخلاقی مەعنەویی مرۆڤە.

ئیسلام ئەم قوتابخانەی دامەزراندووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە پێی ئەو ڕێبازە پرشنگدارە بەڕێوە بڕواتو هەنگاو بنێتو ژیان بەسەر بەرێت.

ئەم فێرگەیە بۆ بەهێزکردنی لایەنی دەرونیو خۆ سازدانی مەعنەوییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵای ئارام گرتن، بۆیە کاتێك مرۆڤ ئارام دەگرێت لەسەر ئەو شتانەی بەسەریدا دێت مانای ئەوەیە ڕازییە بەوەی خودا بۆی دیاری کردووەو بەسەری هاتووە، بۆیە خوداش بەم ئارام گرتنو ڕازی بوونەی پاداشی دەداتەوە و، بەو هەڵوێستەی تاوانەکانی سوك دەبێتو سزا دەرونیو جەستەییەکانی لەسەر لادەچێت.

دەبینی خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ﴾(١).

واتە: بەڕاستی تاقیتان ئەکەینەوە بە کەمێك لە ترسو برسێتییو کەمبوونەوەی داراییو مەردومو بەروبووم، وە مژدە بدە بە خۆڕاگران.

---

[١] - سورة البقرة: آية ١٥٥.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەلگەیە لەسەر ئەوەی موسوڵمان دەڕواتە ناو قوتابخانەی ئەزمونییەوە بۆ گەیشتن بە پلەی مەعنەوی ئارامگرتن، بۆیە دەبینی بەرامبەر ئارامگرتنو ڕەزامەندییەکانی پاداشت دەدرێتەوە، بۆیە مرۆڤی موسوڵمان هەمیشە لە شادییەکی دەرونیدایە لە هەموو تاقیکردنەوەو بەڵاکان کە بەسەریدا یێت.

ئارامگرتن هۆکارێکی زۆر باڵای ئیسلامە بۆ بەرهەمهێنانی پیاوەگەورەکانو ئەوانەی هێزو توانای ئارام گرتنیان لە ڕادە بەدەرە، بۆیە دەبینی ئەم کارەی بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگا لەسەر ڕێبازێکی مەزنو بەهێزی ئارام گر دابمەزرێنێت، لێرەوەیە خودا وەسفی تێکۆشەرو موجاهدیەکان دەکاتو بە سنوری ئارام گریاندا هەڵدەدات چونکە ئەوان لەو بارو دۆخە ناهەموارە زۆر سەرکەوتوبون، بۆیە دەفەرموێت: ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلاً﴾(١).

واتە: لەناو باوەڕداراندا چەند پیاوێك هەن ڕاستیان کرد لەوەی کە پەیمانیاندا بە خوا لەسەری ، ئینجا هیی وایان هەیە نەزری خۆی بەجێ هێناو گیانی خۆی بەخت کرد ، هیی وایشیان هەیە چاوەڕوانەو بەتەمای گیان بەخت کردنە ، و هیچ جۆرە گۆڕاندن و تێکدانێکیان نەکردووە نە لە پەیمان و نەلە هیچ شتێکی تردا کە گۆڕاندنی ڕەوا نەبێ.

---

[١] - سورة الاحزاب: آية ٢٣.

ئارامگرتن بەرەوشتێکی چێژ بەخشی بڵندی ئیماندار ناوازە دەکرێت، هیچ کەسێك ناتوانێت بگات بەو پایەو بڵندییە مەگەر خەڵکانێ خاوەنی هیمەتو خاوە پایەو پلە نەبێت، بۆیە خودای پەروەردگار دەفەمویێت: ﴿وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾(١).

واتە: بەڕاستی ئەو کەسەی کە دان بەخۆدا دەگرێ و تۆڵە ناکاتەوە و، لەتاوانی ئەم و ئەو دەبوورێ ، بەڕاستی ئەوەلە کارە (عەزم) لەسەر کراوەکانە لە شەرعدا.

ئارام گرتن تەنها لەسەر بەڵاو ناخۆشییەکانو ئازار جەستەییەکان نییە، بەڵکو ئارام گرتن لەسەر هەموو لادانە مرۆڤایەتییەکان دەبێت لەسەر برا مرۆڤەکەی، وەك ئازاردانی دراوسێ، یان خزمو کەسە نزیکەکان، دەبێت بەرامبەر خراپەکانی ئەوان بەباشی وەڵامیان بدەینەوە، بەئارامگریو لێبوردن بەرامبەر ئازارەکانیان بوەستین، موسوڵمان هەمیشە لە کەشێکی ئارامدان، چونکە خودا ئەم پاداشتەی بەسەردا ڕژاندوون ئەگەر ئارام بگرن لەسەر ناخۆشییەکان لە خۆشیدان، وە ئەگەر سوپاسگوزاربن لەسەر ئازارو کێشەکانیان ئەوە هەم دیسان پاداشتی بەختەوەری بە دەست دەهێنن.

(ئەبو یەحیا سوهەیبی کوڕی سینان) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "کاری موسوڵمان هەمووی خێرو چاکەیە، ئەم پاداشتەش تەنها بە مرۆڤی ئیماندار

---

(١) - سورة الشورى: آية ٤٣.

دراوە، ئەگەر توشی چاكە بێت سوپاس گوزاربێت چاكەیە بۆی، ئەگەر توشی خراپە بوو ئارامی گرت لەسەری ئەوە چاكەو پاداشت دەدرێتەوە"(١).

## چێژ لە تەوبە كردنی موسوڵماندا

ئیسلام لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤ دەكات لەكاتی ئەنجامدانی كارێكی چاكە بەسەر كارێكی چاكەی تردا، وە لێپرسینەوە لەسەر ئەو كارە خراپانەش دەكات كە لەدەستی خۆیدایەو دەیكات، بەڵام ئەوەی لەدەستی خۆیدا نییە خودا دەیبەخشێت لە بەخشندەو لێبوردەیی خودای پەروەردگارە كە دەرگایەكی فراوانی كردوەتەوە، ئەم دەرگا وەك مۆڵەتێكە بۆ گەڕانەوەو بەخۆدا چوونەوە، خودا بۆئەوەیە بەندەكانی دڵنیا دەكاتەوە هەركەس تەوبە بكاتو بگەڕێتەوە لەكاری خراپ، وەك ئەوە وایە تازە لەدایكی بووبێتو تاوانی ئەنجام نەدابێت هیچ تاوانی لەسەر نامێنێت، خودای گەورە فەرمان دەكات بە تەوبەكردنو دەفەرموێت: ﴿وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾(٢).

واتە: هەمووتان بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو تۆبە بكەن و پەشیمان ببنەوە لەو گوناهانەی كردووتانن، بەڵكو ئەمە خوایە ڕزگارتان ببێ لە سزای ڕۆژی دوایی.

---

١ - مسلم.

٢ - سورة النور: آية ٣١.

وە هەروەها دەفەرمویّت: ﴿وَأَنِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ﴾(١) .

واتە: کە دەبیّ لە پەروەردگاری خۆتان داوای لێبوردن بکەن، پاشان تەوبە لە شیرك بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو.

داوای لێخۆشبوون ڕێگەیەکە بۆ تەوبە کردنو گەڕانەوە، رەوشتێکە لە ڕەوشتەکانی ڕاگەیاندنی بیّ دەسەلاّتیو مل کەچ کردنی بەندە بۆ خودای پەروەردگار.

یەکێك لە مەرجەکانی تەوبەکردن ئەوەیە بەتەواوی و بەڕاستی بگەڕێتەوە لە ئەنجامدانی تاوانو دوور لە ڕوپامایی بێت، بەڵکو دەبێت بە تەواوی و یەکجاری و هەمیشەیی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەلای خودا وەربگیرێت.

تەوبەکردنو گەڕانەوە تەنها بۆ ئەنجامدانی تاوانی گەورە نییە، بۆ کەسانێك نییە تاوانێکی ئەنجام دابێت، بەڵکو ئەمە ڕەوشتێکی بەندەیە بەرامبەر بەخودای پەروەردگار، ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەوەی مەعسومەو خودا لە تاوانو هەڵەی پێشو پاشی خۆشبووە، کەچی ڕۆژانە (حەفتا) جار استغفاری دەکرد، لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت (سەد) جار.

(ئەبو هورەیرە) دەفەرمویّت، گوێم لێبوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرمووە: "سوێند بەخودا من ڕۆژانە (حەفتا) جار تەوبە دەکەم"(٢).

---

١ - سورة هود: آية ٣.

٢ - بخاري.

لێرەوە دەرگایەك  لە دەرگاكانی داگەریو میهرەبانی و نور دەكرێتەوە، بەتایبەتی كاتێك خودای گەورە چاكەكانت وەردەگرێتو لە خراپەكانی مرۆڤ خۆشدەبێت، ئەوكات مرۆڤ هەست بە پشودانێكی ڕۆحیو چێژێكی بێ كۆتایی مەعنەوی دەكات، چونكە پێشتر لە ڕوی دەرونییەوە بە هۆی تاوانەكانی باری گرانو بێ تاقەت بوو، كاتێك مرۆڤ گەشتە ئەم ئاستە ئەوساتە ژیانێكی ئیجابیو سود بەخش دەباتە سەرو دەبێتە بناغیەكی بەهێزو توێشویەكی باشی ڕێگای ژیانی.

پێغەمبەر (ﷺ) وێنایەكی جوانی ئەو مرۆڤەی دەگەڕێتەوە لەتاوان لە مێشكی هەموو تاكێكماندا دەكێشێت، بۆیە دەبینی لێرەدا مرڤایەتی لە ناخی هەموو تاكێكدا زیندوو دەكاتەوە لە خەوی غەفلەت بێداری دەكاتەوە، بۆیە دەبینێت كردەوەكانی وەرگیراوەو لەناخیدا هەست بە چێژی پاداشتەكانی دەكاتەوە.

(ئەبو حەمزە ئەنەس كوڕی مالیكی ئەنساری)، خزمەتكاری پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "خودا بە گەڕانەوەی بەندەكەی لەو كەسە خۆشحاڵترە كە لە گەشتێكی درێژیدایەو وشترەكەی هەڵدێتو پاشان بە پێی خۆی دەگەڕێتەوە بۆلای "(١) .

---

١ - متفق علیه.

# ئیسلامو چێژبینین له ژینگەیەکی سەوز

چاندنی سەوزایی، و ڕووەکی جوانی، داری سەرنج ڕاکێش، گوڵی بۆندار، نافورەو ئاوی سازگار، وێنەیەکی جوانی سەرنج ڕاکێشەو دیمەنێکی ناوازە بۆ زەوی زیاد دەکاتو له ژیانیشدا کاریگەری دڵڕفێنی دەبێت بەهۆی سێبەرو ڕەنگ.

بەهۆی ئەوەی نیمچە دورگەی عەرەبی زەوییەکی وشكو برینبوو، پێغەمبەری خودا (ﷺ) پەیامی بۆ مەککەیەکی بێ درەختو دارو باخ هێنابوو، بۆیە ئیسلام بەشێوەیەکی جیاواز بایەخی دا بە چاندنی سەوزاییو کاری لەسەر ئەم لایەنە جوانەی ژیان کرد، هەتا بوو بە بەشێك له ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، چونکە ئەم دینە تەنها بۆ کۆمەڵێك یاخود بۆ جیلێك نەهاتووەو کۆتایی پێ بێت، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگاکانی سەر زەوی هاتووە.

خوای گەورە ئەوە بۆ بەندەکانی باسدەکات کە سەوزایی و باخو باخات له نازو نیعمەتە جوانەکانی خودای پەروەردگارە، وەك دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ﴾(١).

واتە: ئایا تۆ نابینی خوا ئاو له ئاسمانەوە دائەکاو پاش ئەوە زەوی سەوز هەڵئەگەڕێ، خوا ناسکە، زانستی بە هەموو شتێکا ئەگاو له هەموو شتێکی نهێنی و ئاشکرا شارەزایە.

---

[١] - سورة الحج: آية ٦٣.

له‌ مانای ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌ ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌وێت خودای په‌روه‌ردگار باسی به‌خشین‌و نیعمه‌ته‌كانی له‌گه‌ڵ سه‌وزایی‌و جوانی ده‌كات به‌وێناكردنی له‌گه‌ڵ وشه‌ی (الطیفء الخبیر) ده‌یان هێنێت.

له‌ جێگه‌یه‌كی تردا زۆر به‌ ناسكی‌و نه‌رمییه‌وه‌ ئاماژه‌ به‌و ده‌ستێوه‌ردانانه‌ ده‌كات له‌گه‌ڵ ده‌رون‌و ڕۆحداو په‌یوه‌ست ده‌بن به‌ نهێنییه‌كانی ژیان، توانای خوداله‌ هه‌موو لایه‌كه‌وه‌ خۆی ده‌نوێنێت... له‌گه‌ڵ ژیانی مرۆڤو زه‌وی پێكه‌وه‌ تێكه‌ڵیان ده‌كات‌و بوژانه‌وو ڕازاندنه‌وه‌ به‌جوانییه‌كانی ڕووه‌ك‌و سه‌وزایی‌و گوڵ‌و گوڵزار ڕه‌نگ ده‌داته‌وه‌، هێنده‌ سه‌رنج ڕاده‌كێشێت تا وایلێدێت دڵه‌كان بۆ خۆی په‌لكێش ده‌كات‌و ده‌فه‌رموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنَّكَ تَرَى الْأَرْضَ خَاشِعَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاء اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ إِنَّ الَّذِي أَحْيَاهَا لَمُحْيِي الْمَوْتَى إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[١].

واته‌: یه‌كێك له‌ به‌ڵگه‌كانی تواناییی خودا ئه‌وه‌یه‌ سه‌یری زه‌وی ئه‌كه‌ی كپ و ماته‌، جووڵه‌و ژیانی پێوه‌ دیار نییه‌، كه‌چی كه‌ بارانی به‌سه‌ردا ده‌بارێنین و ئاوی به‌سه‌ردا ڕه‌وان ده‌كه‌ین، ده‌كه‌وێته‌ جووڵه‌و له‌شوێنی خۆیدا هه‌ڵده‌تۆقیٚ و گیای لیٚ ده‌ڕویٚ و سه‌ر دێنێته‌ ده‌ره‌وه‌، به‌ڕاستی ئه‌و خوایه‌ی كه‌ زه‌وی ده‌ژیێنێته‌وه‌، هه‌ر ئه‌وه‌ مردوویش له‌ قیامه‌تدا زیندوو ده‌كاته‌وه‌، ئه‌و توانای به‌ هه‌موو شتیٚ ده‌شكیٚ و هه‌موو شتێكی پیٚ ده‌كریٚ .

---

[١] - سورة فصلت: آية ٣٩.

خودا بەهۆی بەدیهێنانی باخو باخاتی ڕازاوەی سروشتەوە منەتی بەسەر مرۆڤدا ناوە پێش هاتنی قیامەت، باسی ئەو هەمو نازو نیعمەتانەی دەكات لە ڕووەكو درەختو بەروبومی زۆرەوە، بۆیە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ جَنَّاتٍ مَّعْرُوشَاتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَاتٍ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفاً أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهاً وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُواْ حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾(١).

واتە: هەر خودایە چەند باغو گوڵزاری دروست كردووە، كە دارەكانیان هەندێكیان بەسەر زەویدا ئەكشێنو بڵاوئەبنەوە، هەر خودا دارخورماو كشتوكاڵی سەوز كردووە كە بەرەكانیان لە تامو شێوەو ڕەنگو بۆدا جیاجیان ، هەر ئەوە زەیتوونو هەناری دروست كردووە كە بەری هەندێكیان لە تامو ڕەنگو بۆدا لە یەك ئەچنو هەندێكیشیان جیاوازنو لە یەك ناچن، لە بەری ئەم دارو كشتوكاڵەتان بخۆن بۆتان حەڵاڵە ، لە ڕۆژی پێگەیشتنو دروێنەدا حەقی خەڵكی لێ دەركەنو خێرو صەدەقەی لێبكەن، لەم خێركردنو بەخشینەشدا زیادەڕەوی مەكەن، مامناوەندی بن ، خودا ئەوانەی خۆش ناوێ كە زیادەڕەوی ئەكەنو لە سنوور دەرئەچن.

قورئانی پیرۆز ئاماژە بەلایەنێكی جوانی تری سروشت دەكات، كە خودا بەو ناوازەییە بەدیهێناوە دڵڕفێنی و سەرنج ڕاكێشی دەدات بە بونەوەران: ﴿وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاء اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾(٢).

---

[١] - سورة الأنعام: آية ١٤١.

[٢] - سورة الحج: آية ٥.

واتە: تۆ زەوی ئەبینی کشومات و وشك و بێ ڕەونەقە، جا کە بارانمان بەسەردا باراند، ئەکەوێتە جووڵەو هەڵاوسێ و لە هەموو جۆرە گیاوگوڵێکی جوان لەناو خۆیدا ئەڕوێنێ

خودای پەروەردگار ئەم لایەنە جوانیە دەبەستێتەوە بە توانای خودای پەروەردگار لە بەدیهێنانی ژیاندا، بۆیە دەفەرموێت: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَى وَأَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾[1].

واتە: ئەمە گشتی لەوەوەیەو لەبەر ئەوەیە خوا حەقەو ڕاستەو هەموو شتێکی لە دەسەڵاتدا هەیەو هەموو مردوویێ زیندوو ئەکاتەوەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا ئەشکێ.

قورئانی پیرۆز پێغەمبەرو هاوەڵەکانی بە دارو درەختێکی بەرزو بڵند وەسف دەکاتو پیایاندا هەڵدەدات، وێنایەکی سەرنج ڕاکێشو نمونەیەکی باڵایان لێ دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعاً سُجَّداً يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَاناً سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ

[1] - سورة الحج: آية ٦.

الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾(١).

واتە: موحەممەد (ﷺ) ڕەوانە کراوی خوداوەندە،وئەوانەی کە لەتەکیان وشوێنی کەوتوون، ئازاو بەهێزن بەرامبەر کافران، و زۆر بەبەزەیی و میهرەبانن لە نێوان خۆیاندا، دەیانبینی سەرگەرمی نوێژ و خواپەرستین و کڕنوش و سوجدە دەبەن، بۆ خودای پەروەردگار، هەردەم ئاواتیان بەدەست هێنانی ڕەزامەندی و پایە بەرزییە لەلایەن خوای گەورەوە، نیشانەی چاکیی و پاکییان لەناوچەوانیاندا دیاری یەو دەدرەوشێتەوە لە ئەنجامی سوجدە بردن و خوا پەرستییانەوە، و ئەمەش باس و خواسیانە لە تەورات و ئینجیلیشدا، هاوەڵان و شوێنکەوتوانی پێغەمبەر (ﷺ) لە پێشکەوتن و پێ گەیاندنیاندا، وەك ڕووەکێك وان کە لەسەرەتاوە چەکەرە دەکات و سەر دەردەهێنێ، دوای ئەوە چەکەرەکە هێز دەکات و سەردەردەهێنێ، دوای ئەوە چەکەرەکە ئەستوور دەبێ، قەدەکەی خۆ دەگرێت و ڕادەوەستێ، ئەوەندە زوو پێ دەگات کشتکارەکان پێی سەرسامن و پێیان سەیرە!چۆن وا پێ گەیی؟! چۆن ئاوا خۆی گرت؟! کە ئەوە نموونەی شوێنکەوتوانی پێغەمبەرە(ﷺ) کە هەرکاتێ بە دڵ گەرمی بە دەوری قورئان و بەرنامەی ئیسلامدا کۆبوونەوەو سیفاتە ئیمانیەکانیان لە خۆیاندا هێنایە دی، ئاوا خۆ دەگرن و بەهێز دەبن و زۆر دەبن، خوا یگەورە بەو گەشە کردنە، کافران داخ لە دڵ بکات و هەر خۆیان بخۆنەوەو سەغڵەت بن بە گەشەکردنی مسوڵمانان، جا

---

(١) - سورة الفتح: آية ٢٩.

خوداوەندی بە دەسەڵات بەڵێنی بەباوەڕدارانی لە شوێنکەوتوانی موحەممەد(ﷺ) داوە، کە لێخۆش بوون و پاداشتی گەورە و بێ سنووریان پێ ببەخشێت!

بە هەمان شێوەی پێشو قورئانی پیرۆز وشەی باش‌و پەسەندو بانگەشە چاکەکان بە درەختی بەردارو سێبەردارو پڕ بەرهەم دەچوێنێت‌و باس دەکات نمونەیان بەم شێوەیە دەهێنێتەوەو دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاء * تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾(١).

واتە: ئەرێ تۆنازانی کەخوا چۆن مەسەل و نموونە دەهێنێتەوە، بۆ ووشەیەکی پاك و خێردارو سوودبەخش ، کەڕیشەو ڕەگیی لەنێو زەوییدا جێگیر بووبێ ، و لق و پۆپەکەشی چووبێ بەئاسماندا ، هەمووکاتێ کە کاتی خۆی هات بەرو میوەجاتەکەی بەفەرمانی پەروەردگاری خۆی دەکا،ودەگا!خوای مەزن، وێنەو نموونەی وردو سوود بەخش دێنێتەوە بۆخەڵکیی ، تابەشکو بیربکەنەوەو عیبرەت و پەندبگرن، بەڵێ وشەی یەك خوا پەرستی لەدڵی ئیمانداراندا وەك ئەو درەختە وایە.

ئێمە لەو فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) گرنگی سەوزایی‌و گوڵ‌و بۆنی خۆشمان بۆ دەر دەکەوێت کاتێك ئامۆژگاریمان دەکات هەرکەس ریحانەی بە دیاری بۆ هێنایین لێی وەرگرین، چونکە ڕیحانە بەو دیارییە بایەخدارە ناوبرد نابێت بگێڕێتەوە.

---

١ - سورة إبراهيم: آية ٢٤ — ٢٥.

(ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "هەرکەس ریحانەی بەدیاری پێدان لێی وەرگرن، چونکە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت‌و بۆنیشی خۆشە"

قورئانی پیرۆز باسی دوو میوەی ترمان بۆ دەکات لە بواری گرنگیدان بە سەوزایی‌و بەهای چاندنی درەختا، ئەوانیش (زەیتون‌و هەنجیرن) بۆیە بە گرنگی ئەم دوو میوەیە دەخاتە بەردەم موسوڵمانان‌و باسیان دەکات، ئەوەتا لەجێگەیەکدا خودای پەروەردگار سوێندیان پێدەخوات، لە جێگەیەکی تردا (زەیتون) بە نوری خودا باس دەکات، لەکاتێکدا هیچ نورێك نییە هاوتای ئەو نورە پڕ بەهاو بایەخی هەبێت، بۆی دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُّورٌ عَلَى نُورٍ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَن يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾(١).

واتە: خوا ڕووناکیی ئاسمان و زەوییە، نموونەی ڕووناکیی ئەو وەك ڕووناکیی تاقێکی بێ کەلێنە چرایەکی داگیرساوی تیا بێ و چراکە لە بلوورێکدا بێ و بلوورەکە، وەك ئەستێرەیەکی درەخشان وابێ، چراکە لە ڕۆنی دارێکی پیرۆز داگیرسابێ کە دار زەیتوونێ بە نەڕۆژهەڵاتی بێ و نە ڕۆژئاوایی کە هەرگیز خۆر لێی نەدا، بەڵکو بەدرێژایی ڕۆژ خۆر لێی بدا، لەوانەبێ ڕۆنەکەی هەڵبگیرسێ با ئاگریشی لێ نەکەوێ، پڕتەوی چراکە لەسەر پڕتەوی بلوورەکەبێ، خوایش ئارەزووی لە ڕێ پیشاندانی

---

(١) - سورة النور: آية ٣٥.

هەرکەسێ بێ، ڕێی پیشان ئەدا بۆلای ڕووناکیی خۆی، خوا نموونە ئەهێنێتەوە بۆ خەڵك تا لەشت حاڵیی ببن و زانایە بە هەمووشتێ.

ئیسلام زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر پاداشتی سامانی کشتوکاڵو چاندنو چاودێری کردنو سەرپەرشتی کردنی، یەکێك لە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان پاش ناردنی سوپایەك بۆ هەر جێگەیەك ئەوەبووە ڕێگری دەکرد لە بڕینی سەوزاییو لەناوبردنی خێروبێی جوانی سروشتو بن بڕ کردنی باخەکان، (ئەبو بەکر) کاتێك سوپای (ئوسامە)ی نارد چەند ئامۆژگاییەکی کردن و فەرمووی: ئەی خەڵکینە ڕێگریتان لێدەکەم لە (١٠) دە کار خۆتانی لێ بەدوور بگرن، خیانەت مەکەن، زیادە ڕەوی مەکەن، خۆتان مەسەپێنن بەسەر خەڵکدا، منداڵی بچوك مەکوژن، پیاوی پیرو بەتەمەن مەکوژن، ئافرەت مەکوژن، دارخورما مەسوتێنن، و داری بەردار مەبڕنەوە، مەڕو بزنو مانگا سەر مەبڕن بۆ خواردن نەبێت، لەلای خەڵکانێکدا دەڕۆن خۆیان بۆ ناسینی ئێوە داناوەو چاودێریتان دەکەن، وازیان لێ بهێنن خۆیان چۆن بۆ ئامادەکردوون).

بۆ چاندنی سەوزاییو درەخت ئیسلام تەنها ڕێگری ناکات لە بڕینی دارو سەوزایی، بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) هانی موسوڵمانان دەدات بە چاندنی سەوزاییو وەرگرتنی پاداشت لەسەر ئەو سەوزاییەی دەی ڕوێنن.

بۆیە (جابر) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "ئەگەر هەر موسوڵمانێك درەختێك بچێنێت کاتێك کەسێك لێی دەخوات یان تەنانەت لێی بدزێت، یاخود هەر

دڕندەیەك یان باڵندەیەکل لێی بخوات چاکەیە هەر کەس هەرچی لێ ببات چاکەیە بۆتان".

ئیسلام حەرامی کردووە ئاو بگریتەوە کاتێك دەڕواتە سەر ناوچەیەکی پاکژو سەوزایی دەڕوێنێت بۆ ئاژەڵەکان، ئەوەتا (ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: "زیادەی ئاو مەگرنەوە کە دەزانن پاکژو گیاسەوز دەکات".

ئیسلام پێشەنگی سەرجەم ئایینەکانە بۆ گرنگیدان بە پەوەندی لەگەڵ زەویو دارو ئەم پەیوەندییەی بەستوەتەوە بە بیرو باوەڕەوە، کردویەتی بە هۆکارێکی گەشو ئامانجێکی ڕوون لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بە درێژایی تەمەنی.

مرۆڤی موسوڵمان ناترسێت لە سەر ئەوەی کە قورئان بۆیان باس دەکات، ئەوەتا باسی بەهەشتو خۆشییو نیعمەتەکانی بەهەشت دەکات بە ڕازاوەییو بۆنو بەرهەمو جوانی ڕوبارو قەشەنگی باخەکان، دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ڕەزامەندی خودا لەسەر بەندەکانی دەفەرموێت: ﴿مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ أُكُلُهَا دَآئِمٌ وِظِلُّهَا تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّعُقْبَى الْكَافِرِينَ النَّارُ﴾(١).

واتە: وەسف و وێنەی بەهەشت بەم شێوەیەیە کە، لەبن درەختەکانیەوە چەندین ڕووبارو جۆمی ئاوی جوان و خاوێن و پاك دەڕوا ، میوەجات و سێبەرو سەهەندی هەمیشەییەو نابڕێتەوە ، ئا ئەم بەهەشتەیە سەرەنجام و پاشەڕۆژی ئیماندارانی

---

١ - سورة الرعد: آية ٣٥.

خۆپارێزو لەخوا ترسە و سەرەنجام و پاشەڕۆژی خوانەناس و بێباوەڕانیش ئاگری دۆزەخە.

قورئانی پیرۆز لە زۆر جێگەدا باسی لایەنەکانی جوانیو هەڵقوڵانی کانیو سەرچاوەی ڕووباری لەناو دارو درەختی ڕازاوەو دڵڕفێنی کردووە دەفەرموێت: ﴿وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ﴾(١).

واتە: مژدە بدە (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بەوانەی کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردووە کە بێگومان بۆ ئەوان هەیە بە هەشتانێك کە جۆگە ئاوی زۆر بەژێریانا ئەڕوات.

ئیسلام بەهەشتو ئەوەی تیایەتی لەنازو بەخشینەکانی داناوە بۆ پاداشت کردنەوەی ئیماندارەکان، ئەوانەی گوێڕایەڵی پەروەردگاریان بوونو دەفەرموێت: ﴿وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ* فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ* وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ * وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ * وَمَاء مَّسْكُوبٍ * وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ * لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ﴾(٢).

واتە: و یارانی لای ڕاست، کام یارانی لای ڕاست؟! ، لەژێر سێبەری درەختی نەبقی بێ دڕك، و داری مۆزی پڕ هێشوو، وسێبەریدووروو درێژ ، و ئاوی داڕژاو ، ومیوەی زۆر ، کە لەهیچ کاتێکا نەبڕێ و لەکەس قەدەغە نەکرێ .

---

[١] - سورة البقرة: آية ٢٥.

[٢] - سورة الواقعة: آية ٢٧ – ٣٣.

بۆنی پەسەندو بەرامەی رەیانی داناوە بۆ بەندە نزیکەکانی، ئەوانەی بە پەرستش‌و خۆماندوو کردن‌و خۆ ئامادەکردن بۆ بینینی پەروەردگاریان بەردەوام‌و بێ ماندوو بون هەوڵدەدەن، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ * فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ﴾[1]

واتە: ئینجا ئەگەر ئەو مردووە لە نزیکانی بارەگایە ، ئەوە بۆ ئەوە ڕەحەتیی و بۆنی خۆش و مژدەدان بە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەت .

ئیسلام لە پێش قیامەت لە دنیادا قسەی لەسەر گوڵ‌و درەخت‌و باخچەکان دەکات وەك باسمانکرد، چونکە بە سوننەت دانراوە لەسەر گۆڕی مرۆڤی موسوڵمان (٢) نەمامی دارخوما بچێنیت، بەهیوای ئەوەی خودا بۆی بکات بە باخێك لە باخەکانی بەهەشت.

سەوزایی خورما لە سەر قەبرەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ زیاتر ئاسودەیی دەرون‌و، دڵ ئارامی توش بێت، و ترس‌و تۆقینی لەسەر لادەچێت.

[1] - سورة الواقعة: آية ٨٩.

# ناوەڕۆك


٣........................................ دەسپێك لە جیاتی پێشەكی...

٥ ........................................كۆمەڵگەی چێژی باڵا

١٠ ........................................چێژ لە پۆشینی پۆشاكدا

١٤........................................چێژ لە سەلامكردن

١٧ ........................................ چێژ بینین لە پەرستشەكان

٢٠........................................ نەرمی نواندن پێش نوێژ بەبەرامبەر نوێژ خوێنانەوە

٢١........................................چێژ لە بەیەك گەشتن و كۆبونەوە

٢٦........................................چێژ لە قسەكردن و گفتوگۆدا

٣١........................................چێژ وەرگرتن لەخواردن و خواردنەوەدا

٣٥........................................چێژ بینین لە گەشت و گەڕانەوەدا

٣٩........................................ ئیسلام و كۆمەڵگە

٤٣........................................چێژ لە دابینكردنی مافی دراوسێیەتیدا

٤٥........................................چێژ لەوەرگرتنی میانڕەوی هەڵسوكەوتی پەسەنددا

٥٧............................................چێژبینین لەژیانی تەندروستی لە ئیسلامدا

٦٥...............................................چێژ لە تەوبەکردنی مسوڵمانان

٦٨..........................................ئیسلام و چێژ بینین لە ژینگەیەکی سەوز